# النشاط التجاري خلال العصر الفاطمي (٣٦٢-٤٨٧هـ| ٩٧٣-١٠٩٤م)

م.م. رسول مصطفى محمد
قسم التاريخ , كلية العلوم الانسانية جامعة ڕاپەرین , اقليم كوردستان العراق
rasul.mustafa@uor.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الشراء، الطريق، البيع، التجارة، السياسة التجارية، السوق

**كيفية اقتباس البحث**

محمد , رسول مصطفى , النشاط التجاري خلال العصر الفاطمي (٣٦٢-٤٨٧هـ| ٩٧٣-١٠٩٤م),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

Trade activities during the Fatimid period (362-487AH\973-1094AD(

Rasul Mustafa Mohammed
Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
rasul.mustafa@uor.edu.krd

**Keywords** : Buying, Road, Selling, Trade, Trade policy, Market

**How To Cite This Article**

Mohammed , Rasul Mustafa , Trade activities during the Fatimid period (362-487AH\973-1094AD) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
Trade activities of the Fatimids period was one of the most important files in Fatimids state between (362-487AH) Because it was an important source of their economy. They were trading inside the counting and with people out of the country. They Took care of this field that, why they established some office Such as (Dar Al-Ayar), Weight and Measurement Center, Observer (Al-Muhtasb), Tax and Customs Office (Al-Makus). the organize the trade and Markets .They supervised the Merchants and trading with Country around Fatimids neigh bours and also they established tax Centre and looked after it. The Marshall Class was an important for the state they were Mlives Christians of Italian Cities and yes from Agrarian They were tracking and exchanging goods. There were some importer land and water Transportation for trading but because of The Crusader Europeans attack in they invaded some areas in Syria and Jerusalem, and the controlled the Mediterranean sea and showed their power and controlled all routes" trade, and it was become the end of the Fatimid, hegemony in this area and forced Muslim Merchants to pay tax. Even though the Fatimid had many Organization to supervise the trade

and market but that wasn't enough there were problems in the time of Fatimids Caliphs there were corruption and looting wealth of the state'

ملخص

كانت الأنشطة التجارية في العصر الفاطمي من أهم جوانب الدولة الفاطمية بين عامي ٣٦٢ و٤٨٧ هـ، إذ مثّلت مصدرًا هامًا لاقتصادها. مارس الفاطميون التجارة داخل البلاد ومع دول أخرى خارجها. وقد أولوا اهتمامًا بالغًا لهذا المجال، فأنشأوا مكاتب مثل دار العيار، ومركز الأوزان والمقاييس، ومكتب المراقب، ومكتب الضرائب والجمارك.

كانوا يُنظمون التجارة والأسواق، ويشرفون على التجار والتجارة مع الدول المجاورة، كما أنشأوا مركزًا للضرائب وأشرفوا عليه. وكانت طبقة المارشالات ذات أهمية بالغة للدولة، إذ كان معظمهم من المسيحيين القادمين من المدن الإيطالية، بالإضافة إلى المزارعين. وكانوا يتتبعون ويتبادلون البضائع.

كانت الأنشطة التجارية في العصر الفاطمي من أهم جوانب الدولة، حيث كان الفاطميون مسيحيين من المدن الإيطالية، وكانوا مزارعين أيضًا. كانت هناك بعض وسائل النقل البري والبحري للتجارة، ولكن بسبب هجمات الصليبيين الأوروبيين، غزو بعض المناطق في سوريا والقدس، وسيطروا على البحر الأبيض المتوسط، وأظهروا قوتهم، وسيطروا على جميع طرق التجارة، مما أدى إلى نهاية هيمنة الفاطميين في هذه المنطقة، وفرضوا على التجار المسلمين دفع الضرائب.

على الرغم من أن الفاطميين كان لديهم العديد من المؤسسات للإشراف على التجارة والأسواق، إلا أن ذلك لم يكن كافيًا، فقد كانت هناك مشاكل في عهد الخلفاء الفاطميين، حيث انتشر الفساد ونهب ثروات الدولة.

# چالاکی بازرگانی لەسەردەمی فاتمییەکان (٣٦٢-٤٨٧هـ | ٩٧٣-١٠٩٤م)

م.ی. رسول مصطفى محمد

rasul.mustafa@uor.edu.krd

بەشی مێژوو،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕا نیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

چالاکی بازرگانی لەسەردەمی فاتمییەکان یەکێک بوو لە بوارە گرنگەکان و جێگای بایەخ بوو لە دەوڵەتی فاتمی لەماوەی نێوان ساڵانی(٣٦٢-٤٨٧ک|٩٧٣-١٠٩٤م)دا، چونکە سەرچاوەیەکی سەرەکی و پێکهێنەری ئابوری بوو، بازرگانی ناوخۆ و لەگەڵ ناوچەکانی تر ئەنجام دەدرا، فاتمییەکان

زۆر گرنگیان بەم بوارە داوە چەندین فەرمانگە و دامەزراوەیان دامەزراندبوو وەک(دار العیار) ناوەندی کێشانە و پێوانە، چاودێر (المحتسب)، فەرمانگەی باج و گومرگ(المکوس) بۆ ڕێکخستنی بازرگانی و بازاڕەکان و چاودێریکردنی بازرگانان و بازاڕ و بازرگانی لە سنوری دەوڵەتی فاتمی دا، هەروەها فاتمیەکان چاودێر و وێستگەی باجیان لەدەوڵەتی فاتمی دانابوو، چینی بازرگانەکان لەدەوڵەتی فاتمی چینیکی گرنگ بوون لە بازرگانانی (موسڵمان و مەسیحی- شارە ئیتاڵیەکان و جولەکە- الرازانیە، بازرگانانی خۆرهەڵات،...) پێکهاتبوون، مامەڵەی بازرگانیان ئەنجام دەدا لە وشکانی و دەریادا و کاڵا و کەلو پەلیان دەگواستەوە. چەندین ڕێگەی بازرگانی(وشکانی و ئاویی) گرنگ هەبوون کە لە ڕێگەیەوە مامەڵەی بازرگانی ئەنجام دەدرا، بەڵام دواتر بەهۆی هێرشەکانی ئەوروپیەخاچیەکان چەندین ناوچەیان لە شام و قودس و... داگیرکرد و باڵادەستی خۆیان لە دەریای سپی ناوەڕاست و ئەم ناوچانە هەژموونی خۆیان سەپاندو کۆنترۆڵی ڕێگا بازرگانییەکانی ئەم ناوچانەیان کرد، بەمەش هەژموونی فاتمیەکان لەم ناوچانە نەما و باج لەسەر بازرگانە موسڵمانەکان سەپێندرا. هەرچەندە فاتمییەکان چەندین دامەزراوەیان هەبوو بۆ چاودێریکردنی بازرگانی و بازاڕ بەڵام ئەمەش بێ کەم و کوڕی نەبوو، لەسەردەمی بەشێک لە خەلیفەکانی فاتمییەکان بەهەدەردان و قۆرخکاری هەبوو لە سامانی وڵات.

**کلیلی وشەکان:** بازرگانی، بازار، ڕێگا، سیاسەتی بازرگانی، کڕین، فرۆشتن.

## پێشەکی

بازرگانی واتە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن ئامانجیش لەم کارە بریتییە لە قازانج، ئەوەی بەم کارە هەڵدەستێت پێی دەوترێت بازرگان، بێگومان بازرگانی بابەتێکی گرنگ و جێی بایەخ بوو، ئەم بابەتە لە هەموو سەردەم و شوێنێک جێگای بایەخ پێدانە، بازرگانی لەسەردەمی فاتمیەکان بابەتێکی گرنگی پێدراو بوو بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و بوونی چەندین ڕێگای بازرگانی (وشکانی و دەریایی- ئاوی) لەسەردەمی فاتمیەکان مامەڵەیەکی زۆری بازرگانی تێدا ئەنجام دەدرا لەگەڵ خۆرهەڵات و خۆرئاوا و ناوچەکانی تر، بازرگانی یەکێک بوو لە پایە سەرەکیەکانی ئابوری لە دەوڵەتی فاتمی هەر لەبەر ئەمەش بازرگانان خاوەن پایەیەکی گرنگبوون لە دەوڵەتی فاتمیدا، لەناوچەکانی میسرِ وشام،... جگە لە بازاڕ و فرۆشتگاکان چەندین دامەزراوەی بازرگانیان هەبوو وەک(قەیسەری،خان، هۆتێل، بەڵێندەرایەتی-الوکالە،... ) کە شوێنی مامەڵەی بازرگانی و مانەوەی بازرگانان بوو، هەروەها فاتمیەکان گرنگی زۆریان دابوو بە چاودێری بازرگانی و بازاڕەکان و ئامرازەکانی کێشانە و پێوانەکردن کە چەند ناوەندێکیان بۆ ئەم مەبەستە دامەزراندبوو وەک ناوەندی کێشانە و پێوانە(دار العیار)، (المکوس)و چاودێر هەبوو بۆ چاودێریکردنی بازرگانان و کاڵا و کەلوپەلی بازرگانی، سەرەڕای سیاسەتی بازرگانی و گرنگی پێدانی فاتمیەکان بەم بوارە بەڵام ئەمەش بێ کەم و کوڕی و قۆرخکاری نەبوو لەهەندێ کات لەلایەن هەندی بازرگانان .

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە خستنە ڕووی گرنگی و بایەخی بازرگانییە، هەروەها سیاسەت و بایەخدانی فاتمیەکان بە بواری بازرگانی و بەرەو پێش بردنی ئەم کەرتە، بازرگانی لایەنێکی گرنگی پێکهێنەری ئابوری فاتمیەکان بوو.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو تەوەرەو ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم| کورتەیەک لەمێژووی فاتمیەکان و ناساندنی چەمکی بازرگانی، یەکەم|کورتەیەک لەسەر فاتمیەکان، دووەم| بازرگانی چییە، تەوەرەی دووەم| رێگا بازرگانیەکان و سیاسەتی فاتمیەکان لە بواری بازرگانی، پەیوەندییە بازرگانییەکان، یەکەم| رێگا بازرگانیەکان، دووەم| سیاسەتی فاتمیەکان لە بواری بازرگانی و پەیوەندیە بازرگانیەکان.

ئێمە تەنها باسی چالاکی بازرگانی لە سەردەمی فاتمییەکان(362-487هـ|973-1094م) مان کردووە ، کە قۆناغی فراوانبوون و بەهێزی فاتمییەکان بوو.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئێمە لە توێژینەوەکەماندا پشتمان بە میتۆدی مێژوویی و شیکاری بەستووە بۆ نوسینی توێژینەوەکە.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

لەم توێژینەوەیەدا سودمان لەکۆمەلێك سەرچاوە وەرگرتووە لە گرینگترینیان: کتێبی (سفرنامە)ی ناصر خەسرو (ت:438هـ|1046م) خۆی لەم سەردەمەدا ژیاوەو سەردانی کۆشکی خەلیفەی فاتمی کردووەو ئەو شتانەی بینیونی تۆماری کردوون لەکتێبەکەیدا و زۆر بابەتی گرنگی باس کردووە، هەروەها کتێبی(الاعتبار)ی اسامە بن منقذ(ت:548هـ|1153م) لەسەردەمی هێرشەکانی خاچ دروشمی بۆ سەر ناوچەکانی میسر و شام ژیاوەو بەژداری جەنگ و روداوەکانی کردووە زانیاری بەسوودی خستۆتەڕوو، وەکتێبی(قوانين الدواوين) ابن مماتي (ت577هـ|1181م)ئەم کتێبەش زانیاری بەسوودی بۆ توێژینەوەکەی ئێمە تێدا بوو بە تایبەت لەبواری ئابوری و بازرگانی، عزالدين ابن الاثير(ت:630هـ|1233م) بەرگی حەوتەم و هەشتەمی کتێبی(الكامل في التاريخ) هاوسەردەمی روداوەکان بووە، وەکتێبی(صبح الاعشى في المعرفة الانشاء)ی قەلقەشندی(ت:821هـ|1418م)زۆر زانیاری بەسودی تێدابوو، هەروەها سودمان بینیوە لە هەردوو کتێبی(اتعاظ الحنفا بأخبار الأئمة الفاطمين الخلفاء) وە کتێبی (المواعظ والاعتبار في ذكر الخطط والاثار)ی المقريزي (ت:845هـ|1441م) بینیوە، سەرچاوەی نوێ زکی النقاش کتێبی(العلاقات الاجتماعيه والثقافيه والاقتصاديه بين العرب والافرنج خلال الحروب الصليبيه)، ئەرنۆلد تۆینبی کتێبی مێژووی مرۆڤایەتی، لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تر .

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە بازرگانی لە هەموو قۆناغ و سەردەم و ناوچەکان بایەخی تایبەتی هەبووە خەلیفەکانی دەوڵەتی فاتمی گرنگی زۆریان بە بواری ئابوری و بازرگانی دابوو، چونکە بازرگانی بڕبڕەی پشتی ئابوری دەوڵەتەکەیان بووە، فاتمیەکان لەڕێگەی بازرگانیەوە کاڵا و کەل و پەلی زیادەیان ناردۆتە دەرەوە وە پێداویستیە ناوخۆییەکانیان پڕ کردۆتەوە، هەروەها لەڕێگەی بازرگانییەوە پەیوەندی ئابوری و سیاسی لەنێوان ئەوان و وڵاتان دروستبووە.

## پرسی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

یەکەم/ بازرگانی چییە و چی دەگرێتەوە؟

دووەم/ رێگا بازرگانیەکان چی بوون؟ ئایە تەنها بازرگانی لە رێگەی وشکانییەوە ئەنجام دەدرا؟

سێیەم/ دامەزراوە بازرگانیەکان چی بوون، ئەرکیان چی بوو؟

چوارەم/ سیاسەتی فاتمیەکان لەبواری بازرگانیدا چۆن بووە؟

لە توێژینەوەی داهاتوو باسی بەراوردی سیاسەتی بازرگانی دەرەکی دەکەین لەسەردەمی فاتمی و ئەیوبی؟

## لە تەوەرەی یەکەم / کورتەیەک لەسەر فاتمییەکان و چەمك و پێناسەی بازرگانی

### یەکەم/ کورتەیەك دەربارەی دەوڵەتی فاتمی

لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی فاتمییەکان ئەوە دەخوازێت بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەیان، فاتمیەکان ڕەگەزی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ (عبیداللە) ناوی لەخۆی نابوو مەهدی، دەڵێن (عبیداللە بن الحسین بن احمد بن عبداللە بن محمد بن اسماعیل بن جعفر الصادق )، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن نەخێر ئەوە ئەصل و بنەچەی ئەوان نیە بەڵکو ڕەچەڵەکی ئەوان ( عبیداللە بن الحسین بن احمد بن محمد بن عبداللە بن میمون القداح ) (ابن خلکان، بدن زمان، ج٢، ١٩٢)، هەروەها هەریەکە لە (ابن تیمیە) و (الذهبی) وکۆمەڵێك کەسی تر دەڵێن: ئەو (میمون القداح)ەش پیاوێکی جولەکە بووە ڕەچەڵەکی فاتمیەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، دەوڵەتی فاتمی نزیکەی (٢٧٢)ساڵ بەردەوام بوو، لە (٢٩٧-٥٦٧ھ|٩١٠-١١٧١م) بەخەلافەتی عەبدولا مەهدی دەستپێدەکات (١٤) خەلیفە حوکم دەکەن و بەمردنی عازید (٥٦٧ھ|١١٧١م)کۆتای پێهات، لەسەر دەستی صەلاحەدینی ئەیوبی دەوڵەتی فاتمی لەناوچوو دەوڵەتی ئەیوبی دامەزرا (المقریزي، ١٩٩٦، ج٢، ٦٥-٦٦؛ ابن الاثیر، ٢٠١٢، ١١| ٤٣٩٢؛ الحسین، ٢٠٠٥، ٧٧؛ محمد، ٢٠١٢، ١٩؛ تقوش، ٢٠٠٩، ٣١٣-٣١٥).

قۆناغی یەکەم/ دامەزراندنی دەوڵەتی فاتمی (٢٩٧-٣٦٣ھ|٩١٠-٩٧٤م) سەرەتای بانگەوازی فاتمیەکان لە (سلیمە) وە لەوڵاتی شام کە مەڵبەندی بانگەوازەکەیانبوو، دواتر گواستیانەوە بۆ ئەفریقا عەبدولا مەهدی توانی دەوڵەتێکی شیعی دابمەزرێنێت لە قۆناغی یەکەمدا هەریەکە لە (عەبدولا مەهدی، قائیم، مەنصور و موعیز) فەرمانڕەواییان کرد، سیمای ئەم قۆناغە فراوانخوازی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسماعیلی بوو لە ناوچەکانی باکوری ئەفریقا، هەروەها بڵاوکردنەوەی مەزهەبی ئیسماعیلی لە میسر، جەوهەری صەقەلی دەستی بەسەر میسر دا گرت. (المقریزي، ١٩٩٦،ج١، ١٤٦؛ توینبی، ٢٠١٠، ٥٧٦؛ تقوش، ٢٠٠٩، ٣١٥-٣١٦).

قۆناغی دووەم/ ئەمە قۆناغی بەهێزی و فراوانخوازی بوو بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و بەرەو وڵاتی شام و حیجاز و یەمەن لەماوەی نێوان ساڵانی (٣٦٢-٤٨٧ھ|٩٧٣-١٠٩٤م) ئەمە جگە لەوەی ناوچەکانی میسر و صەقەلیە و باکوری ئەفریقایان لە دەستدا بوو، فەرمانڕەواکانی ئەم قۆناغەش هەریەکەلە (موعیز، عەزیز ، حاکم، زاهیر و موستەنسیر ) بوون .(ئێمە کارمان لەسەر ئەم قۆناغە کردووە).

قوناغی سێیەم/ ماوەی نێوان (٤٨٧-٥٦٧ھ|١٠٩٤-١١٧٢م) ئەمەش قۆناغی لاوازی و دارمانی هێزو دەسەڵاتی فاتمیەکان بوو، هاوکاتی هێرشەکانی خاچدروشمی بۆ سەر دەوڵەتی فاتمی، لەم قۆناغەدا وەزیرەکان باڵا دەستبوون ، دەستەو تاقمی سەربازەکان هەرێمەکانی دەوڵەتیان دابەشدەکرد، لەم قۆناغەدا ئەمانە فەرمانڕەواییانکرد( موستەعلی ئامیر، حافیز ، زافیر و عازید ) (الحسین، ٢٠٠٥، ٧٦؛ تقوش، ٢٠٠٩، ٣١٦).

بارودۆخی ناوچەکانی مەغریب بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی فاتمی بە گشتی لەڕووی ئابووریەوە ئەم ناوچەیە لەسەر سیستەمی هۆزایەتی خێڵەکی بوون، بەگشتی خەڵکی ئەم ناوچەیە کۆچەری بوون، بەڵام لەسەردەمی دەوڵەتی میدراری یا بەنی واصل ( ٢٩٦ھ/ ٩٠٩م) دا سەفەریەکان ئەم ناوچانەیان گۆڕی بۆ ناوچەیەکی کشتوکاڵی، چەندین کارێزیان لێدا و (دارخورما و گەنم و جۆ و

قامیشی شەکر،...)یان رواند، بەمەش دانیشتوان لەباری کۆچەریەوە گۆڕان بۆ نشتەجێ و کشتوکاڵی و بازرگانی چالاك بوو، ژیانی ئابوری گەشەی کرد، شاری (سجلماسه) بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی بوو بە بازاڕێکی گەورەی بازرگانی و مەڵبەندی بانگەوازی ئیسلامی و جێگەی سەقامگیری کۆمەڵێکی ئاینی لەسەر مەزهەبی خەواریجی سەفەری (تقوش، ٢٠٠٩، ٣١٨)، بانگەوازی فاتمی بەهێزبوو لەساڵی (٢٩٦هـ|٩٠٩م) مەهدی دەستی بەسەرئەم ناوچەیە داگرت، هەروەها پێشتر دەوڵەتی رۆستەمی( ١٤٤-٢٩٦هـ) لە مەغریبی ناوەڕاستدا دامەزرابوو دەوڵەتەکە لەسەر مەزهەبی خەواریجی ئیبازی بوو، دەوڵەتی رۆستەمی لەتاهرەت راپەرینێکی زانستی و ئابوریان بەخۆیەوە بینی، رۆستەمیەکان بەهۆی بوونی ئاو و هەوایەکی لەبار و زەویەکی بەپیت بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیان فراوانکردو پشتیان بەبازرگانی دەریایی لەگەڵ ئەندەلوس و سودان و غانا و سجلماسەدا بەست، وڵات بەهۆی بازرگانیەوە دەستکەوتێکی زۆریان دەستدەکەوت، هەروەها چەندین دەسەڵاتی وەك ئەداریسە( ١٧٢-٢٩٦هـ|٧٨٨-٩٠٩م) لە ناوچەی فاس و لەسەر مەزهەبی شیعەی عەلەوی بوون، وە دەوڵەتی ئەغالیبە (١٨٤-٢٩٦هـ|٨٠٠-٩٠٩م) شاری قەیرەوان پایەتەختی بوو، بەڵام بانگەوازی فاتمیەکان توانی کۆتای بەهەموو ئەمانە بهێنێت دەسەڵاتێکی پشتاوپشتی دامەزراند (المقریزي، ١٩٩٦، ج١، ٦٥-٦٦؛ ابن الاثیر، ٢٠١٢، ١١|٤٤٠٧؛ الحسین، ٢٠٠٥، ٥٠-٥١؛ پشدەری، ئەوانی تر ٢٠٠٥، ١٢٧؛ تقوش، ٢٠٠٩، ٣١٩-٣٢١).

دامەزراندنی دەوڵەتی فاتمی لە ساڵی (٢٩٦هـ|٩٠٩م) دا ئەبوو عەبدوڵا مەهدی چەند کەسێکی نارد بۆ ناوچەکانی مەغریبی دوور بەمەبەستی بانگەوازکردن بۆ فاتمیەکان و توانی ئەم دەسەڵاتانەی پێشووتر کەناومان هێنان کۆتایی پێ بهێنێت، تەنانەت عوبەیدوڵا مەهدی بەبەرگی بازرگانان (سلیمە)ی بەجێ هێشت و بەرەو ئەفریقا چوون، کاتێك گەیشتە شاری سجلماسە کارەکەی ئاشکرابوو سەرکردەکانی گرتن و ئەبو عەبدوڵای بە هێز ئازاد کرد و تاوەکو شاری رەقادە لەگەڵیدا چوو لە مانگی رەبیعی دووەم (٢٩٧هـ|٩١٠م) بەیعەتی خەلافەتی پێدرا و نازناوی مەهدی وەرگرت (الحموي، ١٩٩٥، ٣/ ٥٥؛ المقریزي، ١٩٩٦، ١/ ٦٥-٦٦؛ ابن الاثیر، ٢٠١٢، ١١|٤٤٠٥؛ محمد صلابي، ٢٠٠٩، ٥١-٥٢؛ تقوش، ٢٠٠٩، ٣٢١-٣٢٢؛ العش، بدون سنة، ١٩٩) .

## دووەم/ چەمك و پێناسەی بازرگانی و رێگا بازرگانییەکان

### آ/ چەمك و پێناسەی بازرگانی

بازرگانی (ابن المنظور) لە (لسان العرب)دا بەم شێوەیە پێناسەی (التجارة)بازرگانی کردووە لەرووی زمانەوانیەوە دەڵێت: بازرگانی بریتیە لە کڕین و فرۆشتن، هەروەها ابن المظور دەگێڕێتەوە لە ابن العربی دەڵێت: عەرەب دەڵێن لەو بابەتەدا یان مەسەلەدا بازرگانە واتە: لێهاتووە، ابن المنظور دەڵێت: بازرگان ئەو کەسەیە کە لە مامەڵەی بازرگانیدا سەرکەوتووە و قازانج دەکات، وە بازرگانی سەرکەوتووش ئەو کەسەیە کە بازاڕێکی قازانجدار بۆ بازرگانیەکەی بدۆزێتەوە. (ابن المنظور، ٢٠١١، ١|٢١٤-٢١٥).

هەروەها(فیروز ابادي) بەم شێوەیە پێناسەی بازرگانی و بازرگان دەکات دەڵێت: بازرگانی بریتییە لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن، هەروەها دەڵێت: بازرگان ئەوکەسەیە کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن دەکات و شارەزایە لە کارەکەیدا (فیروز ابادي، ٢٠١١، ١٥١).

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە (٨) ئایاتدا باسی بازرگانی کردووە، ئێمە چەند ئایاتێك باس دەکەین

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: ﴿وَأَوْفُوا الْكَيْلَ إِذَا كِلْتُمْ وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾ [الإسراء: ٣٥]. واتا( بەبێ فێڵکردن لە خەڵک شتەکانیان بپێون و بە تەرازووی راست بیکێشن...) (ابن الكثير، ٢٠٠٨، ٢| ٢٢٥).

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ ۚ وَلَا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ {النساء ٢٩}واتا: (خودای گەورە ڕێگری کردووە لە باوەڕداران کە هەندێکیان ماڵ و سامانی هەندێکیتر بخۆن بەناڕەوا، تەنها ئەگەر  بە ڕەزامەندی یەکتری بێت و لە بازرگانی حەڵاڵدا....) (ابن الكثير، ٢٠٠٨، ١|٣١٢).

بازرگانی بریتیە لەکڕین و فرۆشتن، و ڕێکخەرێك هەیە، بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، کە کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو و شارەزا و کارامەیە لەم بوارەدا بە بازرگان ناودەبرێت، هەروەها بازرگانی پێویستی بە زانیاری جۆر بەجۆر هەیە لە بواری کەل و پەل و کاڵای بەکارهێنراو  و بەها و شوێن و نرخیان و کە خەڵك پێویستیان پێی هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەوکەسەی  لەم بوارەدا کاردەکات شارەزا و بە توانا و کارامەبێت، بە تێپەر بوونی کاتیش ناوی بازرگان بە ڕێکخەری ئەم پیشەیە دەوترا کە لە پرۆسەی ئاڵو گۆڕی  بازرگانی ئەم پیشەیەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، هەروەها (هڤننج) دەڵێت بازرگان هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کرداری کڕین و فرۆشتن دەکەن، بازرگانی بریتیە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سود و قازانج  لە ڕێگەی پرۆسەی کڕین و فرۆشتنەوە بە سەرمایەیەکی دیاریکراو . (اسماعیل، ٢٠٠٣، ١٦).

ئیبن خەلدون بەم شێوەیە پێناسەی بازرگانی دەکات و دەڵێت: دەبێت ئەوە بزانین کە بازرگانی بریتیە لە هەوڵدان لە ڕێگەی کارکردن بۆبەدەستهێنانی سود و قازانج بەهۆی بەگەڕخستنی ماڵو داراییەوە لە ڕێگەی کڕینی کاڵاکان بەهەرزان و فرۆشتنەوەیان بە نرخێکی گرانتر لەو نرخەی کە کڕدراوە، وە کاڵاکان هەرچیەك بێت جیاوازی نیە، وەك ( ئارد، بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، بەرهەمی ئاژەڵی، چەك و کەل و پەلی سەربازی، قوماش کوتاڵ،...)وە ئەو ئەندازەیەی کە لەڕێگەی ئەمەوە زیاد دەبێت پێی دەڵێن سود و قازانج . (ابن خلدون، ٢٠١٦، ٢ | ١٤٨).

بازرگانی بریتیە لە گواستنەوەی کەل و بەرهەم هێنراوە جۆر بە جۆرەکان کە لە پێداویستی ناوچەیەکی دیاریکراو دا زیاد دەبێت، دەگوازرێتەوە بۆ  وڵاتێك یان  ناوچەیەکی تر کە پێویستی بەم جۆرە کاڵایانە هەیە ، ڕۆژهەڵاتناس (جۆرج لوفران) دەڵێت بازرگانی پێش پیشەی بازرگان سەری هەڵداوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گرنگ نەبوو خەڵکی هەموو جموجۆڵ و چالاکیەکانیان  بۆ کرداری ئاڵوگۆڕی تەرخان بکات، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەوەندە ئاڵو گۆڕیان دەکرد کە پێویستیان پێی بوو، بەبێ ئەوەی ناوەندێك هەبێت بۆ ڕێکخستنی ئەم کارە (اسماعیل، ٢٠٠٣، ١٦- ١٧).

بەشێوەیەکی سادە دەتوانین بڵێین بازرگانی بریتیە لە کرداری کڕین و فرۆشتن و دەستکەوتنی قازانج لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە، وە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە کەسێك هەیە پێی دەوترێت بازرگان، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە پیشەی بازرگانی پێش بازرگان بوونی هەبووە، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی فاتمیەکان بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافیەکەی لەڕووی وشکانی و دەریایی وە ڕۆڵی هەبوو بۆ بەرەو پێشخستنی بازرگانی .

### ب/ ڕێگا بازرگانیەکان

فاتمیەکان گرنگی زۆریان دەدا بەپاراستنی ئارامی و ئاسایشی ڕێگا و سنورەکانی بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ بواری ئابوری و بازرگانی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر چالاکیە بازرگانیەکان و گەشەکردنی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە (القلقشندي، ١٩١٨، ٣| ٥٩٧-٥٩٨).

بازرگانی دەبێتە دوو بەش بازرگانی ناوخۆ و بازرگانی دەرەوە

**بازرگانی ناوخۆ/** ئەو مامەڵە بازرگانیانە دەگرێتەوە کە لە ناوخۆی دەوڵەتی فاتمی ئەنجام دەدران، ناصر خەسرەو دەڵێت: بازرگانی ناوخۆ ناوەندەکەی بازاڕە ناوخۆییەکان دەگرێتەوە، وەک بازارەکانی میصرِ و شام و لوبنان... بازارەکان بەدرێژایی شەقامەکانی ناو شارەکان بوون، چەندین بازار هەبوون وەک(بازاڕی گەنم فرۆشان، بازاڕی میوەفرۆشان، بازاڕی ئاسنگەران، بازاڕی مسگەران، بازاڕی بەهارات، ...) کە خەڵک مامەڵەیبازرگانی و کڕین و فرۆشتنیان تیادا ئەنجام دەدا (ناصر خسرو، ١٩٩٣، ١٣-١٤).

**بازرگانی دەرەکی/** لەسەردەمی فاتمیەکان جگە لەمامەڵەی بازرگانی ناوخۆ، مامەڵەی بازرگانی دەرەوەش لەگەڵ ناوچەکانی رۆژهەڵات و سودان و دورگەی سیسل(صەقەلیە) و رۆم دا هەبوو کە کۆیلە و ئاژەڵ دەهێندرا بۆ میسرِ، وە لە ئەندەلوسەوە جل و بەرگ و ئاوریشم و کاڵای تریان دەهێنا بۆ سنورەکانی دەوڵەتی فاتمی (ابن حوقل، ١٩٠٠، ٩٦-٩٧).

یەکێک لە بازاڕەکان کەلە سەردەمی فاتمیەکان هەبوو ئەویش بازاڕی وەرزی بوو، ئەوروپیەکان درکیان بە بازاڕە وەرزیەکان کرد بوو کە گرنگی تەواوی هەبوو بۆ ئابوریان، بۆیە بازرگانە ئەوروپیەکان لە بازاڕە وەرزیەکان ئامادە دەبوون بە تایبەتی لە شارەکانی شام کە رێژەییەکی زۆری بازرگانی ئەوروپی ئامادە دەبوون بە تایبەتی بازرگانە ئیتالیەکان کە لەم بازاڕە وەرزیانە کۆمەڵێک کاڵا و کەل و پەلی ناوچەکانی میسر و شام و یەمەن، هیند و چین،... دەکڕی و دەیانناردەوە بۆ ناوچەکانیان وەک:( بەهارات و بیبەر و قەرنەفل و بخور و حەریر و کەتان و جلو بەرگ و کانزا بەنرخەکانی وەک زێڕ و زیو و بەردە گرانبەهاکان،کۆیلە...ئەمانەش دەبوونە مایەی ئەنجامدانی مامەڵەی بازرگانی گەورە لەنێوان موسڵمانەکان و ئەوروپیەکان لە بواری مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و بازرگانیدا ( ابن جبیر، بدون سنة، ٢٨٣-٢٨٤).

کاڵاکانی ناوچەکانی میسرِ دەنێردرا بۆ دەرەوە بە تایبەتی بەرهەمەکانی وەک(خەنە و ماسی و شەکر و خوێ) بۆ ناوچەکانی رۆم دەنێردرا (ابن حوقل, ١٩٠٠، ١٥٧)، خەلیفەکانی فاتمی ژمارەیەکی زۆر کۆیلەیان کڕی دەگوترێت: خەلیفە عبیداللە مەهدی زیاتر لە(١٠)دە هەزار کۆیلەی کڕی کاریان پێ دەکردن، وەک خزمەتکار لە لە کۆشکی خەلیفەو ماڵی بە پرسە باڵاکان و دامودەزگاکانی دەوڵەت کاریان دەکرد، تەنانەت دایکی خەلیفە موستەنسەر باللە جاریەیەکی رەش پیست بوو، (المقریزي، ١٩٩٦، ٢|١٦٩-١٧٠).

**رێگا بازرگانیەکان: وشکانی و ئاویی**

**١- رێگای بازرگانی وشکانی**

بازرگانی وشکانی هەر لەسەردەمانی کۆنەوە لە هیندەوە بۆ حەبەشە و سۆماڵ و میسر و شام و لەوێشەوە بۆ عیراق بوو، وە جموجۆڵە بازرگانیەکان بەپێی وەرزەکانی ساڵ ئەنجام دەدران بەنمونە لەوەرزی زستان لەحیجازەوە بۆ یەمەن و لەوەرزی هاوین لە ناوچەکانی حیجازەوە بۆ ناوچەکانی شام ( التلیسي، هاشم، ٢٠٠٤، ٢٣٩).

-رێگای میسرِ بۆ شام لەوێشەوە بۆ فارما بۆ عەریش بۆ رەفەح (المقدسي، ١٩٩١، ٢١٤).

-رێگای رۆژهەڵات: میسرو شام - بەغدا - حلوان – ایران - اسیای ناوەڕاست.

-رێگایەکی تری بازرگانی اسیای بچوك (بەغدا – موسل – جەزیرە – ناوچەکانی شام – اسیای ناوەراست – دەریای ناوەڕاست.

- رێگای بازرگانی (میسر – ناوچەکانی شام – رەقە – بەغداد – بەصرە – کەنداوی فارس ). (البوزبکي، ١٩٨٨، ٢٧٤-٢٧٥).

-رێگای قاهیرە بۆ سوێس لەوێشەوە بۆ فارما و قەزلەم (القلقشندي، ١٩١٨، ٥ | ١٠٨-١٠٩).


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

لەگەڵ چەندین ڕێگای تر...

**٢- ڕێگای بازرگانی ئاوی (ڕوبار و دەریایی):**

آ- ڕێگای بازرگانی دەریای سپی ناوەڕاست: پەیوەندی بازرگانی لەنێوان ناوخۆی جیهانی ئیسلامی لەلایەك وە لەگەڵ شارە بازرگانیەکانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕێگەی دەریای سپی ناوەڕاست بوو، بە تایبەتی شارە بازرگانیەکانی ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئیسپانیا،...بازرگانی ئەوروپیەکان لەگەڵ وڵاتانی موسڵمان لەڕۆژهەڵات لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ڕێگەی دەریای سپی ناوەڕاست بوو، بە تایبەتی لەگەڵ ناوچەکانی ( میسر و شام و مەغریب )دا (قصي، ١٩٧٦، ٨٣).

فاتمیەکان مامەڵەی بازرگانیان لەگەڵ دورگەی صەقەلیە لە حەوزی دەریایی سپی ناوەڕاست ئەنجامدەدا، دەڵێت ئەم ناوچەیە نزیکە لە ئەفرەنجە(ابن حوقل، ١٩٩١، ٢٠٣).

ڕێگای شام بۆ ئەندەلوس لە دیمەشق بۆ میسرِ -لیبیا- تونس- جەزائیر-مەغریب بۆ طەنجە لەوێ بۆ گەروی جەبەل تاریق بۆ ئەندەلوس، کە جگە لەوەی ڕێگای ڕێگای بازرگانی بوو ڕێگای حاجیانیش بوو (المقدسي، ١٩٩١، ١٨٩).

ب- ڕێگای دەریای سور : هەروەها پەیوەندی بازرگانی دەریایی لەسەردەمی فاتمیەکان لەڕێگەی دەریای سور و زەریایی هیندی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور هندو صین و ئەندۆنوسیا ،... بەپێچەوانەوە هەروەها لەنێوان دەریای سور بۆ ناوچەکانی دورگەی عەرەبی، بەتایبەتی لە ساڵانی (٤١٦-٤٣٨هـ|١١٢٥-١١٤٦م) و جمو جۆڵی بازرگانی لەنێوان میسر و هیند و مەغریب و ئەندەلوس بەم ڕێگایەدا بوو (قصي، ١٩٧٦، ٨٦-٨٧).

ڕێگای دەریای سور لە بەندەرەکانی هیند و ئەسیوپیا بە کاڵا جۆراوجۆرەکانی وەک(بەهارات و پێست و بۆن و حاج،...) دەهاتن بۆ بەندەری عیزاب (المقريزي، ١٩٩٨، ١| ٢٠٢).

هەروەها دەرکەوتنی بەندەرەکانی (عەدەن و عیزاب ) لە سەدەی چواری کۆچی دا بەهۆی شاڵاوەکانی خاچی کاتێك چەند ناوچەیەکی بازرگانی لە شاڵاوەکانی سەرەتادا کەوتنە دەست خاچ دروشمەکان بەمە هەریەکێك لە بەندەرەکانی عەدەن و عیزاب ڕۆڵی گرنگی بازرگانی و ئابوریان دەرکەوت و بوونە مەڵبەندی بازرگانی لەنێوان وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا بە تایبەت خەلیج و لەڕێگەی دەریای سور بۆ زەریای هیندی ناوچەکانی هیندو صین و دەریای سور بۆ حەبەشە ،...بەپێچەوانەشەوە (قصي، ١٩٧٦، ١٢٤).

هەروەها پەیدابوونی ڕۆڵی چەند شارێکی سنوری سەر دەریای سور وەك شارەکانی (قوص و عیزاب ) لەبەر ئەوەی خاچیەکان دەستیان گرتبوو بەسەر فەلەستین و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ یە ڕێگای (حەج)ی خەڵکی ئەندەلوس و باکوری ئەفریقا نائارام بوو، بۆیە بازرگانان و حاجیانی ئەم ناوچانە بەرەو میسرِ دەچوون و دواتر بۆ ڕێی نیل و بەرەو باشوری قاهیرە و دواتر شاری قوص و دواتر لەسەر سنوری عیزاب و پاشان دەچوونە ناو دەریا بەرەو وڵاتی پیرۆز (مەککە و مەدینە)، شارەکانی قوص و عیزاب بەهۆی ئەمەوە ڕۆڵ و گرنگیان پەیدا کرد چەندین مزگەوت و خوێندنگە و بازار و کاروانسەرا ی تیادا کرایەوە (ابن جبير، بدون سنة، ٤٢؛ النقاش، ١٩٥٨، ٢٦-٢٧؛ حسن، بدون سنة، ٤٢).

ڕێگا بازرگانیەکان جا وشکانی بن یان ڕێگا ئاوی و دەریاییەکان بەپێی بارودۆخ و گۆڕانی دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی خەلافەتی عەبباسی و شاڵاوەکانی خاچی و دەستگرتنیان بەسەر ناوچەر سنوریەکانی میسر و شام و قودس و دەریای ناوەڕاست ،... ئەمانە دەبوونە هۆی ئاستەنگ دروستبوون بۆ بازرگان و پیشەی بازرگانی هەرچەندە لە هەموو بارودۆخەکاندا وڵاتان بەردەوام گرنگیان بە پیشەی بازرگانی و پاراستنی ڕێڕەوە بازرگانیەکان و بازرگانان داوە لەبەر ئەوەی بازرگانی

بڕبڕەی پشتی ئابوری وڵات بووە، تەنانەت لەسەر دەمی جەنگی خاچپەرستیش بازرگانی هەربەردەوام بووە لە نێوان ئەوان موسڵمانەکان دا.

**دامەزراوە بازرگانیەکان**

چەند دامەزراوەیەک هەبوو کە مامەڵەی بازرگانی و کڕین فرۆشتنیان تێدا ئەنجام دەدرا جگە لە دوکان و فرۆشتگا ناوخۆییەکان گرنگترینیان ئەمانەبوون:

**قەیسەری/** ناوەندێکی بازرگانی بوو هەندێک لە قەیسەریەکان مزگەوتیان تێدا بوو بۆ بازرگانە موسڵمانەکان، لە بەشی سەرەوەش شوێنی نشتەجێ بوونیان بوو، لەناو قەیسەریەکاندا پیشەساز و بازرگان بە پارە نشتەجێ بوون و کاریان تێدادەکرد (المقريزي، ١٩٩٨، ٢|٨٨).

**خان/** ناوەندێکی تر بوو کە مامەڵەی بازرگانی تێدا دەکرا وەک ناصر خەسرو دەگێڕێتەوە کە خۆی لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجی کۆچی سەردانی میسری کردووە دەڵێت: وەک خانوویەکی رووبەر گەورە بوو، چەند ژوورێکی زۆری هەبوو، کە بازرگان بەکرێ تیایدا دەمانەوە (خسرو، ١٩٩٣، ٥٧).

**هۆتێل/** لە چەند بەشێک پێک دەهات کە بە فەرمی شوێنی مانەوەی بازرگانان و کۆگای هەبوو بۆ هەڵگرتنی کاڵا و کەل و پەلەکان، هەندێکجار بازرگان مامەڵەی بازرگانیان تێدا ئەنجام دەدا (ابن جبير، بدون سنة، ٣٨-٤٠).

**بەڵێندەرایەتی(الوكالات)/** بەو شوێنانە دەگوترێت کە کاری کڕین و فرۆشتنی تێدا دەکرێت بە تاک و کۆ، وە ئەو کەل و پەل و کاڵایانەی کە بۆیان دەچوو دابەشیان دەکرد بەسەر بازاڕدا (المقريزي، ١٩٩٨، ٢| ٩١-٩٢).

خەلفەکانی فاتمی زۆر گرنگیان با بازرگانی و ناوەندە بازرگانیەکان داوە، لەبەرئەوەی ئەم ناوەندانە شوێنی مانەوەی بازرگانان و هەڵگرتنی کاڵا و کەل و پەل و مامەڵەی بازرگانی بوون لەسەردەمی فاتمیەکان.

## تەوەرەی دووەم / سیاسەتی خەلیفەکانی فاتمی بۆ بواری بازرگانی و پەیوەندیە بازرگانیەکان

### یەکەم/ سیاسەتی خەلیفەکانی فاتمی بۆ بواری بازرگانی

لە دەوڵەتی فاتمی ژمارەیەک فەرمانڕەوا حوکمڕانیان کرد کە ماوەی نزیکەی دوو سەد و حەفتا ساڵ بوو هەر لەو کاتەی کە لە مەغریب دامەزرا لەساڵی(٢٩٧هـ|٩٠٩م)تا ئەو کاتەی لەساڵی(٥٦٧هـ|١١٧١م)لەناوچوو (ابن الاثير، ٢٠١٢، ١١|٤٤٠٥)، یەکەم کەس کە دەسەڵاتی گرتە دەست خەلیفە مەهدی بوو چەند کارێکی گرنگی ئەنجامدا و لەبوارەکانی ئابوری و سیاسی و کارگێڕی و ئاینی، لەساڵی (٣٠٣هـ|٩١٥م) شاری مەهدیەی لەبەرەی خۆرهەڵاتی ئەفریقا لەنزیك تونس دروستکرد و کردیە پایتەختی دەسەڵاتەکەی، (شلبي، ١٩٨٤، ٥ /١١٥؛ العفيفي، ٢٠٠٠، ٤٧٢-٤٧٣؛ تقوش، ٢٠٠٩، ٣٢٣). چەکی خەلیفە عەزیز گرنگی دا بە ئابوریەکەی لە رێگەی بەهێزی دراو و شمشێر، سنوری قەڵەمڕەوی فراونکرد لەساڵی(٣٥٧هـ|٩٦٨م) جەوهەری صەقەڵی سەرکردە سەربازیەکەی دەستی بەسەر میسردا گرت و لەساڵی(٣٥٩هـ|٩٧٠م) شاری(قاهیرە)ی بنیاتنا و چەند دەرگایەکی هەبوو کردیە پایتەختی فاتمیەکان پێشتر ئەم ناوچەیە لەسەردەمە جیاوازەکانی سەردەمی ڕاشدی و ئومەوی و دواتریش تۆڵۆنیەکاندا ئاوەدانی تێدابووە، وە فاتمیەکان (جامعەی الازهر)یشیان تیادا بنیاتنا و بانگەوازی شیعەی ئیسماعیلیان کرد، قاهیرە بووە مەرکەزێکی گرنگی کارگێڕیی و ئابوری و بازرگانی لەسەردەمی فاتمیەکان، دەسەڵاتی عەزیز گەیشتە موسڵ و هەموو سوریا و حیجاز و هەروەها باکوری ئەفریقیا، بەمەش ناوچەیەکی زۆر



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەرفراوان کەوتە ژێر دەستەڵاتیان کە چەند ڕێڕەوێکی گرنگی بازرگانی پێدا تێپەر دەبوو .(ابن الاثیر، ٢٠١٢، ١٢\ ٤٤٦٩؛ العفيفي، ٢٠٠٠، ٣٦٤-٣٦٥؛ العش، بدون سنة، ٢١٣).

بەرژەوەندی فاتمیەکان بۆ ڕاکێشانی خەڵکی ناوچەکانی حیجاز بۆ پاڵپشتی کردنی خەلافەتەکەیان و پێدانی هێز بە خەلافەتەکەیان لەڕووی مەعنەویەوە بەرامبەر بەعەبباسیەکان چونکە لەمەزهەبدا جیاوازبوون فاتمیەکان شیعە و عەباسیەکان سوننە مەزهەب بوون، هەروەها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان لەدەریای سورو ناوچەکانی یەمەن بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و مەزهەبی، توندو تۆلکردنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ یەمەندا، بەتایبەتی لەمینای( عەدەن) لەسەرەتای سەدەی چواری کۆچیدا گرنگیدان بەبازرگانی لەبەرەی ڕۆژهەڵات و دەریای سوردا(قصي، ١٩٧٦، ١٠٥).

**بەهەدەردانی سەروەت و سامانی وڵات:** لەلایەن زۆرینەی خەلیفەکانی فاتمیەوە وەک مەقریزی دەگێڕێتەوە دەڵێت: کۆشک و شوێنی حەوانەوەی خەلیفە بەکانزای زێر ڕازێندرابۆوە لەناوچەکانی یەمەن و بێزەنتەوە هێنرابوو کە نرخەکەی خەیاڵی بوو (المقريزي, ١٩٩٦، ٣/ ٣٤٤-٣٤٥)، بەشێکی خەلیفەکانی فاتمی سامانی وڵاتیان بەهەدەر دەدا بۆ کاربەدەستەکانیان وەک قەلقەشندی دەڵێت: خەلیفەکانی فاتمی سامان و موڵک و دیاری گرانبەهایان دەبەخشی بە سەرکردە و وەزیر و کاربەدەست و چاودێرانی بازاڕەکان بۆ ئەوەی پاڵپشتیان و بکەن بینە لایەنگریان وە لەڕێگەی ئەوانە کۆنترۆڵی خەڵک بکەن (القلقشندي، ١٩١٨،٣ | ٥٩٨-٥٩٩)ز

سەرەڕای بەهەدەردان لەلایەن فاتمیەکانەوە، بەڵام چەند ڕێ و شوێنێک و سیاسەتی ئابوری و بازرگانی گیرایەبەر بۆ بەرەو پێش بردنی لایەنی ئابوری و بازرگانی لەلایەن فاتمیەکان:

**ڕەخساندنی زەمینەی لەبار:** لەسەدەمی فاتمیەکاندا زەمینەیەکی لەبار بۆ بازرگانان ڕەخسابوو، چەندین شوێن هەبوون بۆمانەوەی بازرگانان و هەڵگرتنی کەل و پەل و کاڵا بازرگانیەکان لەدەوڵەتی فاتمیدا وەک: هۆتێل(فندق)و خان(الخانات)، بەڵێندەرایەتی (الوكالات)...، هەریەکێک لەم جێگاو ناوەندانە بۆمانەوەو پشودانی بازرگانان و هەڵگرتنی کاڵا و کەل و پەلەکان بە پارێزراوی و ئەنجامدانی مامەڵەی بازرگانی بوو (ابن حوقل، ١٩٠٠، ٣٦٣).

فاتمیەکان لەم ماوەییەدا کەحوکمڕانیان کرد، دراوەکەیان (دینار)ی زێر و (درهم) زیو بوو بەخەتی کوفی لەسەری نوسرابوو، بەهۆی بەهاو نرخەکەیەوە بەربڵاوترین دراو بوو لەناوچەکانی دەریای ناوەڕاست بۆ مامەڵەی بازرگانی وە هەروەها کاتێك خاچ دروشمەکان بەشێك لە ناوچەکانیان داگیرکرد ئەم دراوەیان لێدایەوە و بەکاریان هێنا لەم ناوچانەدا (المقريزي، ١٩٩٦، ج١، ٢٧٤؛ ابن خلدون، ٢٠١٦، ٢\٩٢؛ حسني، ٢٠١٧، ١٧٠).

**ڕەخساندنی کەشی ئارام و نەهێشتنی قۆرخکاری:** ناسر خەسرەو دەڵێت: فاتمیەکان گرنگیەکی تایبەتیان بە بواری بازرگانی و بازاڕەکان دەدا ئەمەش بووە هۆی بوژانەوە و گەشەسەندنی بازرگانی و قازانجی گەورە، لەڕێگەی نەهێشتنی قۆرخکاری و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو و ئارام بۆ بازرگانی و بازرگانان لەم سەردەمەدا (خسرو، ١٩٩٣،٦٥).

**دەوڵەتی فاتمی دامەزراوەی(المتجر)ی** دامەزراند ئەم فەرمانگەیە ئەرکی بریتی بوو لە کڕینەوەی کاڵاو کەل و پەل بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی نرخەکان بکەن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی خۆراک دیوانێکیان دانا کە بە(الديوان السعيد)ناسرابوو لەساڵی (٤٤١ه| ١٠٥٠م)دا بۆ ئەوەی نرخی پێداویستیە سەرەکیەکان لەسەر هاوڵاتیان بەرز نەبێت لە سەرسنوری ئەسکەندەریە کاڵا پێویستی لە بازرگانە ڕۆمیەکان دەکڕی بۆ ئەوەی قۆرخکاری ڕوونەدات و نرخەکان بەرز نەبنەوە (ابن مماتي، ١٩٤٣،٣٢٧).

**دانانی چاودێر:** چاودێری پیشەیەکی گرنگ و جێی بایەخ بوو لەلای فاتمیەکان لەبازارەکان و مامەڵەی بازرگانیدا، فاتمیەکان گرنگی تایبەتیان بەچاودێریکردن دەدا لەبازار و پیشەی بازرگانیدا بۆ ئەم مەبەستە چەندین چاودێر و ژمێریاریان دانابوو بۆ چاودێریکردنی بازاڕەکان و بازرگانی و بازرگانان، چاودێرەکان پێگەیەکی گەورەیان هەبوو لەدەوڵەتی فاتمیدا و پارێزراو بوون، پێویست بوو چاودێرەکان بەشێوەیەکی دادپەروەری و بەچاکی کارەکانیان ئەنجام بدەن و رێگری بکەن لە غەش و قۆرخکاری، مەرجی چاودێر و ژمێریارەکان دەبووایە زانیاریان هەبێت لەبواری بازار و بازرگانیدا لە ناوخۆ و دەرەوە، پیشەی چاودێریکردن لەناوچەکانی شام پەیوەستی میسڕ بوو هاوشێوەی ناوچەکانی تری ژێردەسەڵاتی فاتمیەکان بەدرێژایی دەسەڵاتی فاتمیەکان، چاودێرەکان فەرمانیان بەچاکە دەکرد و رێگریان لەخراپە فێڵ و ساختە دەکرد، چونکە پیشەی چاودێر و ژمێریارەکان پیشەیەکی کارگێڕیی و ئاینی و تەندروستی و ئابوری بوو لە دەوڵەتی فاتمیدا (الشیزری، ١٩٤٦، ١٠).

قلقشندی لەبارەی **چاودێرەکان(المحتسب)** دەڵێت: فاتمیەکان چاودێریان دانابوو بەنمونە: لە تەرابلوسی شام چاودێری تایبەت هەبوو کە پلەکەی لەجێگەی سەرپەرشتیاری گشتی بوو وە ملکەچی کارگێڕیی دیمەشق و حلب نەبوو سەربەخۆ بوو، هەروەها لە شارەکانی وەک حەما و لازقیە و بەعلەبەگیش چاودێر هەبوو کە سەر بە دیمەشق و حلب نەبوون (القلقشندي، ١٩١٨، ٤|٢٧٣)

سەرەڕای چاودێریکردن و دانانی چاودێر بەڵام هەندێک کات و لە هەندێک شوێن نرخەکان بەرز دەبوونەوە، بەنمونە بازرگانێکی ئەسکەندەریە نامە بۆ بازرگانێک لە فوستات دەنێرێت دەڵێت بەهۆی گەمارۆی ساڵی(٤٨٨هـ/١٠٩٥م) دروستبوونی ئەم بارودۆخە سیاسیە ناوخۆییە بوەتە هۆی کەم بوونەوەی( بیبەر و زەنجەفیل و دارچین...) ئەمەش بۆتە هۆی بەرز بوونەوەی نرخەکان، پێی دەڵێت: ئەم کاڵایانە لای خۆت هەڵبگرە تاکو ئاگادارت دەکەمەوە (المقریزي، ١٩٩٦، ٣|١٥).

لە کۆتایەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچی بارودۆخی وڵات توشی گرانی بووە بەهۆی وشکەساڵی، نرخی کەل و پەل و پێداویستیەکان زۆر بەرز بونەوە، بەڵام دواتر بارودۆخ ئاسایی بۆوە، بازرگانیەکی فراوانیان لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریان دەکرد لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە رێگەی وشکانی و دەریایی، بەگشتی سەردەمی فاتمیەکانی سەردەمی پێشکەوتنی بازرگانی و پیشەسازی بوو، (سیوطي، ٢٠٠٨، ٢٥٧، ٢٧٧؛ لویس، ٢٠١٤، ١١٢).

**کارەکانی چاودێر(المحتسب)و پلەو موچەکەی:** لەبەر ئەوەی فاتمیەکان دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکانی شامدا هەبوو، بۆیە چاودێرەکان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی فاتمیەکانیان دەکرد لەم ناوچانە، چاودێرەکان سەرپەشتی بازاڕەکانیان دەکرد و چاودێری نرخەکان و کڕین و فرۆشتن و کێشان و پێوانەیان دەکرد، هەروەها فەرمانیان دەکرد بە چاکە و رێگریان دەکرد لە خراپە، هەروەها چاودێر بەپلەی عەریف هەڵدەبژێردرا بۆ چاودێریکردنی خاوەن پیشە بچوکەکان و ئەوانەی کڕین و فرۆشتنیان دەکرد لەبازاڕەکان، ئەوانە فەرمانبەری دەوڵەت بوون لە شارەکان لەسەردەمی فاتمیەکان، کرێی مانگانەیان نزیکەی (٣٠ دینار) بوو (المقریزي، ١٩٩٨، ١ | ٤٦٤).

دروستبوونی قەیران بەهۆی روداوی سروشتی مەقریزی دەڵێت: لە سەردەمی خەلیفە حاکم بامرللە ساڵی(٣٨٧هـ|٩٩٧م) وڵات توشی قەیران بوو، بەهۆی نزم بوونەوەی ئاستی ڕوباری نیلەوە کە ئاستی ئاوەکەی زۆر نزم بۆوە بەروبومەکەی لە ناوچوون بەهۆی ئەمەش برسیەتی بڵاو

بۆوە و نرخەکان بەرزبوونەوە و بە تایبەتی گەنم خواستێکی زۆری لەسەر بوو، دەوڵەت چەند کارێکی کرد بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکە (المقريزي، ١٩٩٦، ١١).

دەوڵەتی فاتمی هەندێجار خۆی هەندێ کاڵای قۆرخ دەکرد و کڕین و فرۆشتنی بۆ ناوەندە بازرگانیەکان سنوردار کرد، بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی نرخەکان و زاڵبوونی بەسەر جوڵەی بازاڕدا (ابن مماتي، ١٩٤٣، ٣٢٦-٣٢٧).

کارەکانی چاودێر لە سەردەمی فاتمیەکان جۆراوجۆر بوو لەوانە بریتی بوو لە سەپەرشتیکردنی ئەنجامدانی نوێژ لە هەینی و جەژنەکاندا و وە گێڕانەوەی قەرز بۆ خاوەنەکانیان و ڕێگریکردن لە مەی و یاری قەدەغەکراو و ڕێگریکردن لە جاسوسی و غەش لە بازاڕەکان و غەشکردن لە کێشانە و پێوانەدا و وە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ(اهل الزمه) و کۆیلە (الماوردي، ٢٠٠٠، ٢٥٧).

**دامەزراندنی(دار العيار) ناوەندی کێشانە و پێوانە:** فاتمیەکان فەرمانگەیەکی تریان دامەزراند کەچاودێرەکان هەڵدەستان بە ئەنجامدانی کارەکانیان لەم شوێنە کە پێی دەوترا (دار العيار) ناوەندی کێشانە و پێوانە، کە ئامانجەکەیان بریتی بوو لە چاودیریکردن و پشکنینی کێشانە و پێوانەکردن و دڵنیا بوونەوە لە سەلامەتی مامەڵەکان، چاودێرەکان داوایان دەکرد لە فرۆشیار و بازرگانەکان کە ڕەتل و ئامرازەکانی کێشانەو پێوانەکردن بهێنن بۆ لایان بۆ پشکنینیان ئەگەر کێشەی هەبوایا خاوەنەکەیان ناچار دەکرد بۆ ئەوەی بیگۆڕێت بە یەکێکی تر کە بێ کێشە بێت، دواتر ڕێگە درا بە بازرگان و فرۆشیارەکان کە کێشانە و پێوانەکانیان ببەن بۆ (دار العيار) لەوێ چاکی بکەنەوە بە مەرجێک کرێی چاککردنەوەکە لەسەر خۆیان بێت وە هاوتای کێشانە و پێوانەی (دار العيار)ەکە بێت، کۆمەڵێک ئامرازی کێشانە و پێوانە هەبوون وەک ڕەتڵ، قینتار و قەفیز و.. ( ابن مماتي، ١٩٤٣، ٣٣٤ ؛ المقريزي، ١٩٩٨، ١| ٤٦٤).

**چاودێریکردنی بازرگانی دەریایی:** لەبەر مەترسی فێڵ و غەشکردن فاتمیەکان هەستان بە چاودێریکردنی بازرگانی دەریایی لە ڕێگەی چاودێر و ژمێریارەکان بە ڕێگریکردن لە خاوەن کەشتی و کرێکارەکان لە زۆر بارکردنی کەشتیە بازرگانیەکان ئەمەش وەک خۆپارێزیەک لەفێڵ و غەشکردن لە مامەڵەی بازرگانی دەریایی بۆ ئەوی هیچ فێڵکردنێک ڕوو نەدات لەبارکردنی کاڵاو کەلوپەلەکان لەبواری کێش و جۆرەکانیان لەو وڵات و ناوچانەی بازرگانەکان لێی دەهاتن، بۆیە پێداگربوون لەسەر چاودێریکردنی کێشانەو پێوانەی ئەوکەل و پەلانەی کە دەهاتنە ناوچەکانیان (ابن خلدون، ١٩٩٣، ١٧٦-١٧٧).

**باج و گومرگ(المكوس):** لەسەردەمی فاتمیەکان باج لە بازرگانان وەردەگیرا وەک ابن مماتی دەڵێت:کاتێک کاڵاو کەل و پەلەکان دەگەیشتنە بەندەرەکان و فەرمانگەی باج، ئەوا بارەکان دادەگیران، ڕاستەوخۆ باجوەرگر و هاوەڵەکانی بڕی کاڵا و جۆرەکەیان هەژماردەکرد باجەکەیان دەخەملاند و باج لە بازرگانەکە وەردەگیرا (ابن مماتي، ١٩٤٣، ٤٤٢-٤٤٥).

وەرگرتنی باجی بازرگانی لە کەلو پەل و کاڵا فاتمیەکان لە هەموو سنورەکان و ڕێگا سەرەکیەکان وێستگەی باجیان هەبوو، قەلقەشەندی دەڵێت: فاتمیەکان باجی گومرگیان لەسەر کاڵاو کەل وپەلی هاوردەکراو دانابوو بەنمونە بازرگانە کارامیەکان کە گروپێکی دیاری بازرگانی بوون کاڵاو کەل و پەلیان لە ناوچەکانی حیجاز و یەمەن و ناوچەکانی تر دەهێنا لەڕێگای دەریای سور بۆ بەندەرەکانی (عیزاب، سوێس، طور و قەیسەر) لە میسرِ باجی هاوردەیان لێوەردەگیرا (القلقشندي، ١٩١٨، ٣| ٤٧٠).

**سیاسەتی فاتمیەکان بۆ ڕێگریکردن لەفێڵ و ساختەکاری لەئامرازەکانی کێشانەوپێوانە:** فاتمییەکان لە دوای ساڵی (٣٨٣هـ|٩٩٣م) قەدەغەیانکرد لەچاودێرەکان لە (دار العيار) کرێی چاکردنەوە لە بازرگان و فرۆشیارەکان وەربگرن، وە فەرمانیان کرد بە چاودێرەکان کە بازرگان و فرۆشیارەکان پێویستە ڕەتڵ و عەیارە و کێشانە و پێوانەکانیان لە کانزای(ئاسن) دروست بکەن بۆ ئەوەی فێڵی تێدا نەکرێت، ئەم ناوەندە بەدرێژایی سەدەمی فاتمیەکان وەک خۆی مایەوە (المقريزي، ١٩٩٨، ١|٤٦٣).

**گرنگیدان بە دروستکردنی کەشتی و بەندەر و بەهێزکردنی ئابوری:** خەلیفەکانی فاتمی موچە سامانیان دەدا فەرمانبەرانی وڵات و بارودۆخیان باش بوو دیسان ئەمەش لەبازارو شوێنە بازرگانیەکان مامەڵەی کرین و فروشتنی پێوە دەکرا خەڵکی سودیان لێوەردەگرت و دووبارە دەگەڕایەوە بۆدەوڵەت لەڕێگەی باج و خەراجەوە فەرمانڕەوایانی فاتمی زۆر گرنگیاندا بە بواری کەشتی گەلی و چەند کارگەیەکیان بۆ دروستکردنی کەشتی لە ئەسکەندەریە و فوستات و دمیات و تەرابلوس و سوێس دروستکرد، وە ژمارەی ئەوانەی کە سەرقاڵ بوون بە کەشتی گەلەوە نزیکەی پێنج هەزار کەس بوون، کە ئەمیری کەشتی گەل سەرکردایەتی دەکردن، لەگەڵ دە سەرکردەدا، هەروەها پەیوەندی بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆئاوایان بە هێزکرد، بەتایبەتی نێوان وڵاتی میسر و شام و مەغریب و صەقەلیە، دیوانێکیان بۆ کەشتی گەل دانا کە ناسرابوو بە (الجهاد) یان (العمائر)، کەشتی گەلی فاتمی ئەرکی پاراستن و سەقامگیری پێسپێردرا لەبەرامبەر دەستدرێژی کەشتی بێزەنتی و ڕۆمی لە دەوروبەری باکوری وڵاتی شام، چەند جارێك شکستی گەورەیان توشی کەشتی گەلی بێزەنتی کرد لە صور و تەرابلوسدا، کەشتی گەلی فاتمی لەنزیکەی (٦٠٠) پارچەی دەریایی جۆراوجۆر پێك هاتبوو، دواتر کەمیان کرد بەهۆی هێرشی خاچیەکان کە هێرشیان دەکردە سەر کەناری شام دەستیانگرت بەسەر ناوچە کەناریەکانی شامدا و باجیان خستە سەر کاروانی بازرگانی موسڵمانەکان و جولەکە کە بەناوچەکانی ژێر دەستەڵاتیاندا تێپەر دەبوون، هەرچەندە هەوڵیاندا وەڵامی ئەم شاڵاوانە بدەنەوە، بەڵام بەهۆی لاوازی و ناکۆکی ناوخۆی فاتمیەکانەوە نەتوانرا بەر بەم شاڵاوانە بگرن. (النقاش، ١٩٥٨، ٣٤ ؛ بن تاج، ١٩٨١، ١٠٠-١٠١ ؛ محمد، العربي، ٢٠١٣، ١١٩).

**سیاسەتی لێبورەیی فاتمیەکان بەرامبەر (اهل الزمة):** بەشێوەیەکی گشتی خەلیفەکانی فاتمی سیاسەتی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاینیان پەیڕەودەکرد بەتایبەتی بەرامبەر (اهل الزمه) ڕێگەیاندەدا بەجێبەجێکردنی دروشمە ئاینیەکانیان، وە کارکردنی ئازادانە لەبواری ئابوری بازرگانیدا کردنەوەی دەرگا بەڕووی بازرگانە ئەوروپیەکان، لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ئابوری، ئەم مامەڵە ئاینیەی فاتمیەکان وای لە بازرگانە ئەوروپیەکان بەتایبەتی ئیتاڵیەکان کرد کێبڕکێ ی یەکتر بکەن بۆ بازرگانیکردن لە بازاڕەکانی میسر، هانی خەلیفەکانی فاتمی دا بۆ بەستنی چەندین پەیمان و گرێبەستی بازرگانی، ئەمەش بۆ دەستکەوتنی قازانج و بەرژەوەندی، بازرگانە ئەوروپیەکانیش ئامانجیان بوو لەڕێگەی ئەمەوە کاڵاکانی ڕۆهەڵات و ڕۆژهەڵاتی دوور بەدەست بخەن، چونکە بۆ گەیشتن بەم کاڵایانە ڕێگایان بەم ناوچانەدا تێدەپەڕی، ئەم بازرگانیەش زیاتر پێشکەوت بەهۆی کۆمەڵەی بازرگانانی جولەکە (الرازانیە) لەسەدەی چواری کۆچی و دەیەمی زاینیدا (جاسم، ٢٠١٠، ١٥٤-١٥٥ ؛ قصي، ١٩٧٦، ١١٦).

لەسەردەمی فاتمیەکاندا یەکێک لەو گروپانەی کە مامەڵەی بازرگانیان دەکرد کارامیەکان بوون کە گروپێکی گەورەی بازرگان بوون ڕۆڵێکی گەورە وگرنگیان بینی لەبواری بازرگانیدا ئەوان زیاتر بازرگانیان لە ناوچەکانی هیندو ڕۆژهەڵات ئەنجام دەدا، مەڵبەندی سەرەکی بازرگانیان دەریای

سور و زەریای هندی بوو، کارمیەکان کۆمەڵێك بوون لەدەریاوان و خاوەن کەشتی بازرگانەکان بە کەشتی ئەوان گەشتیان دەکرد و کاڵاکانیان لەگەڵدا دەنارد لە ژێر چاودێری تایبەتیان یاخود لەژێر چاودێری وەکیلەکانیان(قصي، ١٩٧٦، ٩١،٩٧).

سیاسەتی خەلیفەکانی فاتمی بەرامبەر بە بازرگانان و (اهل الزمه) پەیڕەویان دەکرد سیاسەتێکی نەرم و نیان بوو، جموجۆڵی بازرگانی لەدەریای سور لە گەشەسەندن دابوو، ئەمەش وایکرد وڵاتانی ئەوروپا بۆ ئەنجامدانی چەندین پەیمان و ڕێکەوتن ڕووبکەنە میسر، بەم شێوەیە ئابوری میسر پێشکەوتنی زۆر گەورەی بەخۆیەوە بینی، لەم بارەیەوە گەریدەی فارس (ناصر خەسرەو) دەڵێت: "دانیشتوانی میسر زۆر دەوڵەمەندبوون، لەوکاتەی من لەوێ بووم، هەندێك سەروەت و سامان و موڵکم بینی کە هی هەندێك لە میسریەکان بوو ،. ئەگەر باسم بکردایە یان وەسفم بکردایە، دانیشتوانی ناوچەی فارس باوەڕیان پێ نەدەکردم، ئەمە جگە لە سەروەت و سامانی خەلیفەکانی فاتمی و ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا هەروەها ئاماژە بەڕاستگۆیی بازرگانە میسریەکان دەکات و دەڵێت: ئەوان ڕاستگۆن لەهەمووشتێك کە دەیکڕن دەیفرۆشن، ئەگەر یەکێك لەگەڵ کڕیارەکان درۆی بکردایە، ئەوا سواری پشتی وشترێك دەکرا، خۆی هاواری دەکرد کەوا درۆی کردووە و تۆڵەی لێدەکرایەوە"، هەر بۆیە دەوڵەت دەستی دەخستە بازارەکان و دیاریکردنی نرخ، (حسبە)ی دادەنا بۆ چاودێریکردنی بازاڕو دراو کەل و پەلەکان ، لەم بارەیەوە (مەقریزی) پێناسەیەکی بۆ (حسبە) داناوە و دەڵێت ئەو کەسەی کە ئەم کارە دەکات یاوەر دەگرێت دەبێت موسڵمان بێت و لایەنگری ڕاستی بێت، لەبەرئەوەی خزمەتێکی ئایینیە هەروەهالەبارەی هێمن و ئاسایشەوە (ناسر خەسرەو )دەڵێت "هێمنی و ئاسایشێکی زۆر هەبوو بە جۆرێك بازرگان و فرۆشیارەکان لەکاتی نوێژ بازار و دوکانەکانیان دانەدەخست، ترسیان لە هیچ شتێك نەبوو کەس دەستی بۆ هیچ نەدەبرد"، گرنگی دانی خەلیفەکانی فاتمی بەبازرگانی دەریایی سور و مەڵبەندە بازرگانیە وشکانی و ئاویەکان بە هۆی ئەو دەستکەوتە زۆرەوە بوو کە دەستیان دەکەوت ئەوان لە بارودۆخێکی زۆر باش دەژیان، ژیانی خەڵکی میسر لەسەردەمی فاتمیەکان بەهۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووریەوە، دیاردەی تایبەت دەرکەوت، کە خۆی لە خۆشی و ڕابواردندا دەبینیەوە، کە ئەمە زۆر بەکەمی لەسەردەمەکانی تردا بەدی دەکرا، ئەگەر سەیری ئەم کۆشك و تەلارانە بکەین خەلیفەکان بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دروستیانکردبوو، نمونەش کۆشکی ڕۆژهەڵاتی گەورەبوو کە خەلیفە (عەزیز) هۆڵێکی لە زێر تێدا دروستکردبوو، ناسر خەسرەو خۆی لە (٤٣٩هـ|٧ ئازاری ١٠٤٩م) ئامادەی یەکێك لەخوانەکانی سولتانی فاتمی بووە، ناسر خەسرەو دەڵێت لە کۆشکی خەلیفەی فاتمی دا نزیکەر سێ هەزار خزمەتکار لە پیاو و ژن و ژمارەیەکی زۆر کەنیزەی هەبوون (الحسين، ٢٠٠٥، ٩١-٩٢؛ اسماعيل، ٢٠٠٣، ٢٦-٢٧)، خەلیفە موستەنسیر (٢١) کەشتی هەبوو لە ناونیلدا بۆ گواستنەوە، درێژی هەر یەکێکیان (٥٠) باڵ درێژبووەو پانیەکەشی (٢٠) باڵ بووە، خەلیفە نزیکەی بیست هەزار دوکان و هەشت هەزار خانووی هەیە (ڕەنگە ئەم ژمارەیە زیادە ڕەوی تێدابێت- توێژەر )، هەروەها دەڵێت گەلیش دەوڵەمەند بووە و تەنها لە قاهیرە (٥٠) هەزار ئاژەڵی گواستنەوە هەبووە، بەڵام دواتر بەهۆی هاتنی چەند فەرمان ڕەوایەکی لاواز و هێرشی خاچی یەکان بارودۆخی وڵات گۆڕا، سەرباری تێکچوون و پشێووی بارودۆخی سیاسی وئابوری لە کوتاییەکانی دەوڵەتی فاتمی، بەڵام ئابوری و بازرگانی لەسەر دەمی فاتمیەکان هەر بە پێشکەوتوویی مایەوە بەهۆی تێپەڕبوونی چالاکی بازرگانی بەزەوی و ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی فاتمیەکاندا، بەڵام ئەم جموجۆڵ بازرگانیە هەروا نەمایەوە توشی سستی بوو

(العش، بدون سنة، ٢١٦-٢١٧ ؛ اسماعيل، ٢٠٠٣، ٢٨ ؛ حسين، ٢٠١٢،٤٢ ؛ صديق، ٢٠١٠، ٣٢٦).

بەگشتی سەردەمی فاتمییەکانی سەردەمی پێشکەوتنی بازرگانی و گەشەکردنی ئابوری بوو، تاوەکو دەوڵەتی فاتمی لەساڵی (٥٦٧هـ/١١٧١م) بەدواوە کۆتایی پێهات و وتار بەناوی خەلیفە(المستضئی) عەباسی خوێندرایەوە و سکە بەناویەوە لێدرا (سیوطي، ٢٠٠٨، ٢٥٧، ٢٧٧ ؛ لویس، ٢٠١٤، ١١٢).

**دووەم/ پەیوەندی فاتمیەکان لەبواری بازرگانی لەگەڵ عەباسی و ئەندەلوس و بێزەنتیەکان و رۆم**

بەکورتی باسی پەیوەندی فاتمییەکان دەکەین لەگەڵ ئەمانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لەڕووی چالاکی بازرگانی:

ا/ پەیوەندی فاتمیەکان و عەباسیەکان پەیوەندی نێوانیان ململانێ و ئاڵۆز بووە بەهۆی جیاوازی مەزهەب و دامەزراندنی دەوڵەت لەناو سنوری دەوڵەتی عەباسی و ڕاگەیاندنی خەلات، حاکم بامراللە فاتمی پەیوەندی لەگەڵ عەباسیەکان لەم سەردەمەدا بوەیهیەکان دەسەڵاتیان بەسەر خەلیفەی عەباسیدا هەبوو هەژموونیان بەسەر خەلافەتدا سەپاندبوو، فاتمیەکان لەسەرەتادا سەرکەوتوو نەبوون کاتێکی زۆری ویست بۆ ئەوەی لایەنگر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن چونکە فاتمیەکان لەڕووی مەزهەبەوە لەسەر مەزهەبی شیعەبوون، وە عەباسیەکان سوننە، فاتمیەکان هەوڵیاندا بۆ بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ فاتمیەکان لە عیراق، حاکم سەرکەوتووبوو بە ڕازیکردنی قرواشی عقیلی لە ساڵی (٣٨٢هـ|٩٩٢م) کە فەرمانڕەوای موسڵ بوو، وازی لە وتاردان هێنا بۆ خەلیفە قادری عەباسی و وتاری بۆ خەلیفە حاکمی فاتمیدا لە( ٤٠١ك)دا کەوتە بڵاوکردنەوەی بانگەشەی فاتمی لە موسڵ و ئەنبار و مەدائن و کوفە، ڕاگرتنی وتاردان بۆ خەلیفەی عەباسی، بەمەش خەلیفەقادری عەباسی ترسی لادروست بوو، کاری کرد بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم بانگەشەیە بۆ فاتمیەکان بەدوو ڕێگا یەکەم ناردنی قازی (ابابکری باقلانی) بۆلای بەها ئەلدەولەی بوەیهی باسی مەترسی فاتمیەکانی بۆکرد لەسەر خەلافەتی عەباسی، ئەمیری بوەیهی بەقسەی کردو سوپایەکی بەسەرکردایەتی ابن مقلد نارد بۆ وەستان وتارخوێندنەوە بۆ حاکمی فاتمی و وتاردان بە ناوی خەلیفە قادری عەباسی، دووەم هەروەها بۆ ناساندنی ڕەچەڵەك و بنچینەی فاتمیەکان و تەهشیرکردنیان وە ئاگاداکردنەوەی کۆمەڵگە لێیان، هەموو ئەم ململانێیانە کاریگەری هەبوو لەسەر لایەنی ئابوری بازرگانی لە نێوانیان و لەم ناوچانەدا ڕێگا بازرگانیەکان بەم ناوچانەدا دەڕۆیشتن (الاثیر، بلا تاریخ، ٧|٥٧٢؛ الهاشمي، ٢٠٠٦، ٣١١-٣١٢؛ البواعنة، ٢٠٠٧، ٢٧)، سەرەڕای خراپی پەیوەندی سیاسی و کارگێڕی و مەزهەبی لەنێوان فاتمیەکان و عەباسیەکان بەڵام مامەڵەی بازرگانی لەنێوانیاندا هەر بەردەوامبوو بەهۆی هاوسنوریيان، وەک ابن حوقل دەڵێت: میسرِ بە کەتان بەناوبانگ بوو لەمیسرەوە کەتان دەنێردرا بۆ عیراق کە پایتەختی خەلافەتی عەباسی بوو، ئەم مامەڵەیەش ڕێژەکەی بەرز بۆوە لەساڵی(٣٨٠هـ|٩٩٠م) بەهای کاڵاکە بایی نزیکەی سی هەزار دینار کەتان نێردرا بۆ عێراق، وە بەپێچەوانەشەوە چەندین کاڵاو کەل و پەل لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خەلافەتی عەباسیەوە دەنێردرا بۆ ناوچەکانی میسرِ شام، جگە لەمەش لەبەرئەوەی ناوچەکانی میسرِ و شام لەژێر دەستی فاتمییەکاندا بوون بەشێکی زۆری ئەو کاڵایانەی کە لەڕێگای دەریای سور و دەریای سپی ناوەڕاستەوە دەهات بەسنوری دەڵەتی فاتمیدا تێدەپەڕی(ابن حوقل، ١٩٠٠، ١٥٦-١٥٧).

ب| پەیوەندیەکانی فاتمیەکان لەگەڵ ئومەویەکان لەئەندەلوس پەیوەندیەکانیان ئاڵۆزو ململانێ بووە لەسەر سەپاندنی هەژموون و دەسەڵات و مەزهەب، عبدالرحمن ناصر ئومەوی هێزێکی نارد

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

بۆ ناوچەکانی مەغریبی دوور، چونکە فاتمیەکان بەشێکی ئەم ناوچانەیان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیان بانگەی فاتمیان تیایدا بڵاو دەکردەوە کە دەکەوتنە سەر دەریا گرنگبوون بۆ هاتوچۆ و جموجۆڵی بازرگانی، وە فاتمیەکان دەسەڵاتی ئەداریسە یان لەم ناوچانە لەناوبرد کە هاوپەیمانی ئومەویەکانی ئەندەلوس بوون و ژمارەیەکشیان لێکوشتن، ئەم سیاسەتە هۆکارێك بوو بۆ تەکفیرکردنی خەلیفە (الموعزالدين الله الفاطمی) چونکە سەرکردایەتی ئەم هەڵمەتەی دەکرد، ئەم ململانێیە بەردەوام بوو فاتمیەکان لە ناوچەکانی مەغریبی دوور و ناوەڕاست توانیان چەند هۆزێکی بەربەری بەلای خویاندا ڕابکێشن و وتار بەناوی خەلیفەی فاتمی بخوێننەوە و (نەفرەت) لە ئومەویەکان بکەن (الهاشمي، ٢٠٠٦، ٢٣٣-٢٣٥).سەرەڕای ئەمەش لەسەردەمی فاتمیەکان مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئەندەلوس هەبوو، لە ئەندەلوسەوە جل و بەرگ و ئاوریشم و کاڵای تریان دەهێنا بۆ سنورەکانی دەوڵەتی فاتمی (ابن حوقل، ١٩٠٠، ٩٦-٩٧).

ج/ پەیوەندی فاتمیەکان لەگەڵ بێزەنتیەکان و ڕۆم: سیاسەتی فاتمیەکان لەسەردەمی خەلیفە حاکم و عەزیز دا وەستانەوەبوو بەرامبەر بە بێزەنتیەکان، فاتمیەکان باڵا دەست بوون لە ناوچەکانی شامدا، چەندین جار ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە بەنمونە لەساڵی(٣٨٧ك/٩٩٧ز)دا ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە خەلیفە حاکم بامرلله هێزی نارد لەڕێگای دەریاو وشکانیەوە توانی دەستبگرێت بەسەر صوردا، باصیلی دووەمی ئیمپراتۆری بێزەنتی کە پێشتر دەستی بەسەر دا گرتبوو بەسەرکردایەتی(علاقه) بەڵام ئەمیش بەدیل گیرا نێردرا بۆ میسر، چەندجارێك هێرشیان بۆناوچەکانی نێوان ئەنتاکیە و بیروت و تەرابلوس، بەڵام بەهۆی دروستبوونی کێشەی ناوخۆی حاکم لەگەڵ باصیلی دووەم بێزەنتی لە کۆتاییەکانی (٣٩١هـ|١٠٠١م) دا لەسەر چەند خاڵێك ڕێکەوتن:

١-ڕاگرتنی جەنگ بۆماوەی (١٠) ساڵ لەنێوانیاندا.

٢-ڕێگەدان بە مەسیحیەکانی ناو دەوڵەتی فاتمی بە ئازادی ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیان ئەنجام بدەن.

٣-باصیلی دووەم بەڵێن بدات گەنمی پێویست بۆ میسر دابین بکات لەم ماوەیەدا (الهاشمي، ٢٠٠٦، ٣١٢-٣١٩).

هەندێك لە شارە بازرگانیەکانی فاتمیەکان وەك (ئەسکەندەریە و فستات و تەنیس و تەڕابلوس و حەلەب ...، ئەمانە چەند ناوەندێکی بازرگانی بوون لەگەڵ بێزەنتیەکان (الراجي، ٢٠٠٨، ١٥٩)، هەروەها فاتمیەکان مامەڵەی بازرگانیان لەگەڵ بازرگانانی ڕۆم ئەنجام دەدا وەک قەزوینی دەڵێت: وڵاتی ڕۆم ناوچەیەکی فراوانە و خاوەنی زەویەکی بە پیت و کەش وهەوایەکی فێنك و سارد و وڵاتێکی دڵگیرە، هەروها دەڵێت: بەهۆی کەش و هەواکەی بازرگانانی ڕۆم زۆرینەیان خاوەن جەستەیەکی بەهێز و پێستێکی سپی و قژی زەرد بوون، قزوینی دەڵێت: ڕۆمیەکان بازاڕێکی وەرزیان هەبوو کە ساڵانە لە سەرەتای وەرزی بەهاردا هەموو کەل و پەل و کاڵایەکیان کۆدەکردەوە و لەم بازاڕە دایاندەنا بۆ فرۆشتن بازرگانان لەهەموو ناوچەکان لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و هەموو ناوچەکان ڕوویان تێدەکردن، بازرگانە ڕۆمیەکان بەشێکی زۆریان لەسەردەمی فەتمیەکان سەردانی ناوچەکانی میسر و شامیان دەکرد بە تایبەتی ئەسکەندەریە بۆ مامەڵەی بازرگانی(القزويني، ٢٠٠٤، ٥٣٠-٥٣١؛ ابن مماتي،١٩٩١، ٣٢٨)، هەروەها ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی بازرگانی هەبوو لەنێوان ئەوان و ئەورووپیەکان (خاچیەکان)بەتایبەت شارە ئیتاڵیەکانی وەك جەنەوا و ڤێنیسیا و بندوقیە و بەیزا ...، پشکێکی زۆر کارایان هەبوو لەبازرگانی کردن لەم ناوچانەدا بەتایبەت لەگەڵ ڕۆژهەڵات، چونکە لەڕێگەی ئەمەوە بەرژەوەندیەکی زۆریان دەستدەکەوت خوازیاری کاڵای ڕۆهەڵاتی بوون وەك کاڵاکانی (بەهارات و ئاوریشم و چایی و لۆکە و بەردو کانزای بەنرخ و چەندین بەرهەمی تر،

بەژدایکردنی کارای ئەم شارە ئیتاڵیانە بۆ جەنگ بۆ شوێنگرتنەوەی ئەمان بوو، سەرکەوتنیان بەسەر رکەبەرەکانیان بەتایبەتی بێزەنتیەکان و سەلجوقیە موسڵمانەکان)دا گرتنە دەستی رێگا بازرگانیەکانی حەوزی دەریای ناوەڕاست، بازرگانە ئیتاڵیەکان لە کاتی جەنگ ئەرکیان گواستنەوەی سەربازان بوو بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵات لە شام و قودس و میسر لەبەرامبەر ئیمتیاز و پشکی تایبەت، باڵا دەست بن لەم ناوچانەدا، بازرگانیان لە دەریای ناوەڕاست دا ئەنجام دەدا بەشێکی زۆری کاڵاکانی رۆژهەڵاتیان دەگواستەوە ئەوروپاو رۆژئاوا (عمران، ١٩٩٩، ٢٠-٢١؛ موبەیزین، ٢٠١٠، ١٥٥؛ شاكر، ٢٠١١، ب١-٢| ٥٣٨-٥٣٩ ؛ توفيق، عبدالامير ، محمدامين، ٢٠١٣، ١١٥ ؛ برون، ٢٠٠٩، ١٥٠) .

هەروەها ناصر خەسرو دەڵێت: لەسەردەمی فاتمیەکاندا بازرگانە میسریەکان مامەڵەی بازرگانیان لەگەڵ دورگەی سەقەلیە ئەنجام دەدا کە بە بیست رۆژ کەشتیە بازرگانیەکان دەگەیشتن بەم ناوچەیە (خسرو، ١٩٩٣، ١٠٠)، ئەو باجانەی کە بازرگانە ئەوروپیەکان لەمیسر دەیاندا، گرنگترینیان باجی هاوردە بوو گومرگ و دەزگای تایبەت بەربرسیاربوو بۆ وەرگرتنی ئەم جۆرە باجە باجەکان تەنها لەسەر کاڵا هێنراوەکان وەردەگیران کە لەبازاڕەکاندا دەفرۆشران، بەڵام هەندی لە کاڵاکان کە لە بازارەکانی میسر نەفرۆشرابان ئەوا باجی (هاوردەکردنیان) لەسەر وەرنەدەگیرا، سەبارەت بەو باج و مەکۆسانەی کە بازرگانە موسڵمانەکانیش پێویست بوو بیدەن لەکاتی تێپەڕبوونیان بە میرنشینە خاچیەکان، (ابن جبیر ) دەڵێت: لەکاتی رۆیشتنمان لە دیمەشقەوە بۆ عەککا بە (قەڵای تەبنین ) تێپەڕین کە شوێنی وەرگرتنی مەکۆسی کاروانەکان بوو، فەرمانڕەوای(خەنزیرە ) بەمەلیك دەناسرا، دایکی مەلیکی (خەنزیری)عەککا بوو باج و سەرانەی لە خەڵك وەردەگرت بری (یەك دینار و قیراتێك بوون لە دیناری صوری بۆ یەك کەس ) هیچ نارەزایەتیەك نەبوو لەسەر بازرگانەکان تیایدا لەبەر ئەوەی بۆ عەککا دەچوون کە شوێنی مەلیك بوو ئەویش شوێنی باجەکان بوو کە قیراتێك بوو لە هەر دینارێك وەردەگیرا، کە (هەر دینارێك بیست و چوار قیراط بوو ) (اسماعیل، ٢٠٠٣، ١٤٣)، ئەوەمان بیر نەچێت بازرگانەکان رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە گواستنەوەی رۆشنبیری ئیسلامی بۆ ئەوروپا لە دەروازەی سوریاو لەبەرئەوەی رێگای بازرگانی موسڵمانەکان تێدەپەڕی لەسوریاو دەریای رەش و دواتر بۆ شارە بازرگانیەکانی ئیتاڵیا، لەوێشەوە بۆ بنکە بازرگانیەکانی ئەوروپا، هەروەها رێگایەکی تری گواستنەوە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ روسیا و لەوێوە بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا (خلیل، ٢٠١٨، ١٧١-١٧٢).

بێگومان چینی بارزگان لە هەموو قوناغە مێژووییەکاندا گرنگیەکی تایبەتیان پێدراوە لەلایەن کاربە دەستان و فەرمانڕەوایانی فاتمی لەبەر ئەوەی بزوێنەری ئابووری وڵات بوون و سەرچاوەیەکی گرنگی دەستخستنی سەرمایەی وڵات و رەخساندنی دەرفەتی کاربوون لە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك و هاونیشتمانیان و ساغکردنەوەی کاڵای ناوخۆو لەدەرەوە و هێنانی کاڵاو کەرەستەی پێویست بۆ ناوەوەی وڵات بەبەردەوامی .

## ئەنجام

١-بازرگانی بریتیە لەکڕین و فرۆشتن و دەستکەوتنی قازانج لەم رێگەی ئەم مامەڵەیەوە، لەم پرۆسەیەدا رێکخەرێك هەیە پێی دەوترێت بازرگان .

٢-بازرگانی بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمی فاتمیەکان دا زۆر گرنگی پێدراو بەرەو پێشەوە چوو، لەبەر ئەوەی هەم پێگە جوگرافیاکەی دەوڵەتی فاتمی لەبار بوو، چونکە دەکەوتە سەر دەریای

سپی ناوەڕاست و دەریای سور،... چالاکی بازرگانی لە ناوخۆ و دەرەوە لە ڕێگای وشکانی ئاویی ئەنجام دەدرا.

٣-سیاسەتی ئابوری و بازرگانی خەلیفەکانی فاتمیش هاندەری ئەم پرۆسەیە بوون، بەکار ئاسانی و پاراستنی ڕێگا بازرگانیەکان و دامەزراندنی فەرمانگە و دامەزراوە بۆ چاودێری بازاڕ و بازرگانی وەک:( دار العيار، المحتسب، المكوس،...)، سەرڕای ئەوەی کە ئەمانە بێ کەم و کوڕی نەبوون بەڵام بوونە هۆی پێشکەوتنی بازرگانی و ڕێگریکردن لە فێڵ و قۆرخکاری .

٤-دەوڵەتی فاتمی ماوەی چەند سەدەیەک حوکمی کرد لە ناوچە و سنورێکی بەرفراوان لە میسر و شام و باکوری ئەفریقا و ماوەیەکیش ناوچەکانی حیجاز، بازرگانی لەسەردەمی فاتمیەکاندا زۆر گەشەی کرد و بەرەو پێشەوە چوو چەند دامەزراوەیەکی بازرگانی هەبوون وەک(قەیسەری، خان، هۆتێل، بەڵێندەرایەتی(الوكاله)...مامەڵەی بازرگانیان تێدا ئەنجامدەدرا .

٥-پەیوەندیە بازرگانیەکانی بازرگانەکان لەسەردەمی فاتمیەکان بەشێوەیەکی فراوان بوو لەگەڵ ناوچەکانی سنوری خەلافەتی عەباسی و بیزەنتیەکان و ئەوروپیەکان و لەرێی باکوری ئەفریقاشەوە لەگەڵ ئەندەلوس لەرێگای دەریایی و وشکانیەوە ئەنجام دەدران.

٦-چەندین گروپی بازرگانی هاوشانی بازرگانە موسڵمانەکان بەژداربوون لەچالاکی بازرگانی لەدەوڵەتی فاتمی وەک بازرگانە(مەسیحی- شارە ئیتاڵیەکان، جولەکە- الرازانيه،...) ئەمانە کەل و پەل و کاڵای بازرگانیان دەهێنا سنورەکانی دەوڵەتی فاتمی و دەیان برد بۆ ناوچەکانی تر.

٧- بەهۆی سیاسەتی بازرگانی فاتمیەکان و هەموو ئەو هۆکارانەی کە پرۆسەی بازرگانیان پێک دەهێنا بوون بەسەرچاوەی گرنگی داهات و گەشەکردنی ئابوری لە دەوڵەتی فاتمی.

## سەرچاوەکان

## کتێبی پیرۆز

القران الكريم

## دووەم| سەرچاوەی رەسەن (المصادر )


ابن الاثير، محمد بن محمد عزالدين بن الاثير(ت:٦٣٠ه|١٢٤٤م)، بدون سنه طبع، الكامل فى التاريخ، ج٧، دار الهلال، بيروت.

ابن الكثير، عماد الدين ابو الفداء اسماعيل بن عمر(ت:٧٧٤ه|١٣٨٤م)، ٢٠٠٨، مختصر صحيح تفسير ابن الكثير، اختصر وحققه: ابو عبدالله مصطفي بن العدوي، ج١، مكتبة فياض، المنصورة.

ابن المنظور، ابي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم(ت:٧١١ه| ١٣١١م)، ٢٠١١، لسان العرب، ج١، دار الصادر، بيروت.

ابن جبير، الحسين بن محمد بن احمد بن جبير الكناني(ت:٦١٤ه|١٢١٧)، بدون سنة ، رحلة ابن جبير، تح: محمد زيادة، دار الكتاب البناني، بيروت.

ابن حوقل، ابو القاسم محمد بن حوقل(ت:٣٦٧ه|٩٧٨م)، ١٩٠٠، صورة الارض، مكتبة الحياة، بيروت.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن خلدون(ت:٩١١ه\١٤٠٦م)، ١٩٩٣، كتاب العبر، دار الكتاب البناني، بيروت.

ابن خلكان، شمس الدين ابولعباس(ت:٦٨١ه|١٢٨٢م)، بدون سنة ، وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تح: احسان عباس،دار الثقافة، لبنان.

ابن مماتي، ابو المكارم الاسعد(ت: ٥٧٧هـ|١١٨١م)، ١٩٤٣، قوانين الدواوين، حقق: عزيز سوريال عطية، مكتبة مدبولي، القاهرة.
اسامه بن منقذ: ابو مظفر مرشد بن على بن مقلد بن النصر الكنانى الكلبى الشيزرى (ت ٥٨٤هـ\١١٨٨م)، (١٩٩٢)، الاعتبار، تحرر، فليب حتى، دار الهلال.
بن تاج، محمد عبدالرؤف بن تاج(ت:١٠٣١هـ|١٦٦١م)، ١٩٨١، النقود والمكيال والموازين، ت.رجا محمود السامرايى، دار الرشيد للنشر.
الحموي، ياقوت الحموي(ت: ٦٢٦هـ|١٢٣٧م)، ١٩٩٥، معجم البلدان، ط٢، دار الصادر، بيروت.
خسرو، ابو معين الدين ناصر(ت:٤٣٨هـ|١٠٤٧م)، ١٩٩٣، سفر نامه، تر: يحي الخشاب، القاهرة.
الشيزري، عبدالرحمن بن نصر الشيزري(ت: ٥٨٩هـ|١١٩٣م)، ١٩٤٦، نهاية الرتبة في طلب الحسبة، تح: سيد الباز العريني، بدون مطبعة، القاهرة.
الفيروز ابادي، مجدالدين محمد بن يعقوب(ت:٨١٧هـ|١٤٢٥م)، ٢٠١١، القاموس المحيط، رتبه ووثقه: خليل مامون شيخا، ط٥، دار المعرفة، بيروت.
القلقشندي، أبو العباس شهاب الدين احمد بن علي بن احمد(ت:٨٢١هـ|١٤١٨م)، ١٩١٨، الصبح الاعشي، المطبعة الاميرية، القاهرة.
الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب البصري(ت:٤٨٥هـ | ١٠٦٥م)، ٢٠٠٠، الاحكام السلطانية والولايات الدينية، صحح: محمد حامد فقي، مكتب الاعلام الاسلامي، مصر.
المقدسي، محمد بن احمد (ت:٣٨٠هـ | ٩٩٠م)، ١٩٩١، احسن التقاسيم في المعرفة الاقاليم، طبع ٣، مكتبة مدبولي، القاهرة.
المقريزي، تقي ابي العباس احمد بن علي(ت:٨٤٥هـ|١٤٤٣م)، ١٩٩٦، اتعاظ الحنفا بأخبار الأئمة الفاطمين الخلفاء، تح: جمال الدين شيار، ط٢، القاهرة.
المواعظ والاعتبار في ذكر الخطط والاثار، ١٩٩٨، تح: محمد زينهم، مديحة الشرقاوي، مكتبة مدبولي، القاهرة.

## سێیەم| سەرچاوەی رەسەن بە زمانی کوردی

ابن الاثير، محمد بن محمد عزالدين ابن الاثير(٦٣٠هـ\١٢٤٤م)، ٢٠١٢، الكامل في التاريخ، و. زاهير محمد، چوار چرا، سلێمانی.
ابن خەلدون، عبدالرحمن بن محمد بن خلدون(ت:٩١١هـ\١٤٠٦م)، ٢٠١٦، موقەدیمە ئیبن خەلدون، و: سەعید بەشیر ،ب٢ ، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
سويطى، جلال الدين (ت: ٩١١هـ/ ١٥٠٥م)، ٢٠٠٨، خەلیفەکانی ئیسلام راشدین، ئومەوی، عەباسی، و. نصرالدين عبدالرحمن، چ٢، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

## چوارەم| سەرچاوە نوێیەکان بە زمانی عەرەبی

البواعنه، لؤى،٢٠٠٧، دور العلماء المسلمين فى مقاومه الغزو الفرنجى (الصليبى)...، دار اليازورى، الاردن.
البوزبكى، توفيق سلطان، ١٩٨٨ دراسات فى للنظم العربيه الاسلاميه، ط٣، جامعه موصل.
التليسى، بشير رمضان و جمال هاشم الذويب، ٢٠٠٤، تاريخ الحضاره العربيه الاسلاميه، ط٢، دار الامدار الاسلاميه.

جاسم، عباس عاجل، ٢٠١٠، رؤيه المؤرخين المسلمين للحروب الصليبيه، ط١، دار مكتبه البصائر، بيروت.
حسن، قادر محمد، بدون سنه، اسهامات الكرد فى الحطاره الاسلاميه، ط١، مطبعه الحاج هاشم، اربيل.
الحسين، قصى، ٢٠٠٥، موسوعه الحطاره العربيه العصر الفاطمى والايوبى، ط١، دار البحار، بيروت.
الراجى، زكيه عبدالسلام، ٢٠٠٨، العلاقات السياسيه والحضاريه بين الدولتين البيزنطيه والفاطميه...، ط١،جامعه قار يونس، بنغازى.
شلبي، احمد، ١٩٨٤، موسوعة تاريخ والحضارة الاسلامية، الجزء ٥، بدون مطبعة، القاهرة.
صلابى، على محمد، ٢٠٠٩، الدوله الفاطميه، مكتبه حسن العصريه، بيروت.
العفيفى، عبدالحكيمى، ٢٠٠٠، موسوعه (١٠٠٠) مدينه الاسلاميه ،ط١، اوراق شرقيه.
عمران ،محمود سعيد، ١٩٩٩، تاريخ العروب الصليبيه ١٠٩٥-١٢٩١م، ط٢، دار النهضه العربيه، بيروت.
القصى، عطيه، ١٩٧٦، تجاره مصر فى البحر الاحمر من فجر الاسلامى حتى سقوط الخلافه العباسيه، دار النهضه العربيه، القاهره.
محمد، اكو برهان، ٢٠١٢، الحياه الثقافيه فى دياربكر فى العصر العباسى، مطبعه الحاج هاشم، اربيل.
النقاش، زكى، ١٩٥٨، العلاقات الاجتماعيه والثقافيه والقتصاديه بين العرب والافرنج خلال الحروب الصليبيه، دار الكتاب البنانى.
الهاشمى، عبدالمنعم، ٢٠٠٦، موسوعه تاريخ العرب العصر الاموى العباسى الفاطمى، ط١، دار ومكتبه الهلال، لبنان.

## پێنجەم| سەرچاوە نوێیەکان بە زمانی کوردی

برۆن، جفری، ٢٠٠٩، پوختەی مێژووی ئەوروپا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، و. نهاد جلال حبيب الله، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیر.
تقوش، محمد سهيل، ٢٠٠٩، پوختەی مێژووی ئیسلام، و. نهاد جلال حبيب الله، چ١ چاپخانەی ڕۆشنبیر، لبنان.
توفيق، محمد حسين، محمدامين، عبدالامير، ٢٠١٣، شارستانیەتی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست، و. مستەفا سعيد على، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی .
تۆینبی، ئەرنۆڵد، ٢٠١٠، مێژووی مرۆڤایەتی، و. دڵشاد مستەفا وەسانی، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
حوسێن، موحسین محەمەد، ٢٠١٢، ژیاننامەی پیاوە هەرە دروشاوەکە سەڵاحەدینی ئەیوبی، و. عەبدولرەزاق بیمار وعەوفە عەبدورەحمان، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولیر.
خەلیل، عیمادەدین، ٢٠١٨، دەروازەیەك بۆ شاستانیەتی ئیسلامی، ئەحمەد حوسین، چ١، ناوەندی ڕێنوێن.
رەنجیار، ئەحمەد حمه امين، ٢٠١١، صەلاحەدینی ئەیوبی لای مێژوو نوسانی کورد (شەرەفخان و ...)، چاپخانەی نارین.
شاکر، محمود، ٢٠١١، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، و. موسى محمد عبدالرحمن، ب ١-٢، چ١، چاپخانەی گەنج.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

صديق، زرار، ٢٠١٠، کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی عەبباسی دا، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر .
لویس، بێرناد، ٢٠١٤، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مێژووی دوو هەزار ساڵ ...،و. عەبدوڵا رەسوڵی، چ١، چوارچرا، سلێمانی.
محمد، عەباس عومەر، ٢٠١٠، مێژووی کوردە ئەیوبیەکان ،چ١، چاپخانەی چوار چرا ، سلێمانی.
یوسف ،عەبدولقادر ئەحمەد، ٢٠١٢ ، مێژووی چاخەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا (٤٧٦-١٥٠٠)، و. شاناز رەمزی، چ١، چاپخانەی رێنما، سلێمانی.

## شەشەم | ماستەرنامە

حسن، چرا محمود ، ٢٠٠٧، بزاڤی زانستی دەینەوەر ...(ماستەر نامە بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی.
ئیسماعیل، سەلاح کانەبی، ٢٠٠٣، بازرگانیی میسر لەسەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی دا (ماستەر نامە بڵاونەکراوە )، زانکۆی سلێمانی.

## حەوتەم | گۆڤار

موهەنەد موبەیزین، ٢٠١٠، ململانێی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەدیدی (برۆدۆیڵ)ەوە، و. هاوار محمد، گۆڤاری مێژوو، ژمارە١٥، چاپخانەی گۆڤار، هەولێر.

Sources
The Holy Bible
The Holy Quran
Second| Original source

Ibn al-Atheer, Muhammad ibn Muhammad Izz al-Din ibn al-Atheer (d. 630 AH | 1244 AD), without year of publication, Al-Kamil fi al-Tarikh, vol. 7, Dar al-Hilal, Beirut.
Ibn al-Kathir, Imad al-Din Abu al-Fida Ismail bin Omar (d. 774 AH | 1384 AD), 2008, a summary of Sahih Tafsir Ibn al-Kathir, summarized and verified by: Abu Abdullah Mustafa bin al-Adawi, vol. 1, Fayyad Library, Mansoura.
Ibn al-Manzur, Abi al-Fadl Jamal al-Din Muhammad ibn Makram (d. 711 AH | 1311 AD), 2011, Lisan al-Arab, vol. 1, Dar al-Sadir, Beirut.
Ibn Jubayr, al-Husayn ibn Muhammad ibn Ahmad ibn Jubayr al-Kinani (d. 614 AH/1217 CE), n.d., *The Travels of Ibn Jubayr*, ed. Muhammad Ziyada, Dar al-Kitab al-Banani, Beirut.

Ibn Hawqal, Abu al-Qasim Muhammad ibn Hawqal (d. 367 AH/978 CE), 1900, *The Image of the Earth*, Maktabat al-Hayat, Beirut.

Ibn Khaldun, Abd al-Rahman ibn Muhammad ibn Khaldun (d. 911 AH/1406 CE), 1993, *Kitab al-Ibar*, Dar al-Kitab al-Banani, Beirut.

Ibn Khallikan, Shams al-Din Abu al-Abbas (d. 681 AH/1282 CE), n.d., *Wafayat al-A'yan wa Anba' Abna' al-Zaman*, ed. Ihsan Abbas, Dar al-Thaqafa, Lebanon.

Ibn Mamati, Abu al-Makarim al-As'ad (d. 577 AH/1181 CE), 1943, *Qawanin al-Dawawin*, ed. Aziz Suryal Atiya, Maktabat Madbouli, Cairo. Usama ibn Munqidh: Abu Muzaffar Murshid ibn Ali ibn Muqallad ibn al-Nasr al-Kinani al-Kalbi al-Shayzari (d. 584 AH/1188 CE), (1992), Al-I'tibar, edited by Philip Hitti, Dar al-Hilal.

Ibn Taj, Muhammad Abd al-Ra'uf ibn Taj (d. 1031 AH/1661 CE), 1981, Al-Nuqud wa al-Mikyal wa al-Mawazin, edited by Raja Mahmud al-Samarrai, Dar al-Rashid for Publishing.

Al-Hamawi, Yaqut al-Hamawi (d. 626 AH/1237 CE), 1995, Mu'jam al-Buldan, 2nd ed., Dar al-Sadir, Beirut.

Khusraw, Abu Mu'in al-Din Nasir (d. 438 AH/1047 CE), 1993, Safarnama, translated by Yahya al-Khashab, Cairo. Al-Shayzari, Abd al-Rahman ibn Nasr al-Shayzari (d. 589 AH/1193 CE), 1946, Nihayat al-Rutba fi Talab al-Hisba (The Ultimate Rank in Seeking Accountability), ed. Sayyid al-Baz al-Arini, no publisher, Cairo.

Al-Fayruzabadi, Majd al-Din Muhammad ibn Yaqub (d. 817 AH/1425 CE), 2011, Al-Qamus al-Muhit (The Comprehensive Dictionary), arranged and authenticated by Khalil Mamun Shaykha, 5th ed., Dar al-Ma'rifa, Beirut.

Al-Qalqashandi, Abu al-Abbas Shihab al-Din Ahmad ibn Ali ibn Ahmad (d. 821 AH/1418 CE), 1918, Al-Subh al-A'sha (The Dawn of the Night), Al-Matba'a al-Amiriyya (The Amiri Press), Cairo.

Al-Mawardi, Abu al-Hasan Ali ibn Muhammad ibn Habib al-Basri (d. 485 AH/1065 CE), 2000, Al-Ahkam al-Sultaniyya wa al-Wilayat al-Diniyya (The Ordinances of Government and Religious Offices), corrected by Muhammad Hamid Faqi, Islamic Media Office, Egypt. Al-Maqdisi, Muhammad ibn Ahmad (d. 380 AH/990 CE), 1991, Ahsan al-Taqasim fi al-Ma'rifat al-Aqalim, 3rd ed., Madbouli Library, Cairo.

Al-Maqrizi, Taqi Abi al-Abbas Ahmad ibn Ali (d. 845 AH/1443 CE), 1996, Itti'az al-Hunafa bi-Akhbar al-A'immah al-Fatimiyyin al-Khulafa', ed. Jamal al-Din Shiyar, 2nd ed., Cairo.

Al-Mawa'iz wa al-I'tibar fi Dhikr al-Khitat wa al-Athar, 1998, ed. Muhammad Zaynhum and Madiha al-Sharqawi, Madbouli Library, Cairo.

Seeem | Serchawawi Rasen be Zamani Kurdi
Ibn al-Athir, Muhammad ibn Muhammad Izz al-Din Ibn al-Athir (630 AH/1244 CE), 2012, Al-Kamil fi al-Tarikh, and Zahir Muhammad, Çwar Çra, Sulaymani. Ibn Khaldun, Abdul Rahman bin Muhammad bin Khaldun (d. 911 AH / 1406 AD), 2016, signed by Ibn Khaldun, and: Saeed Bashir, B. 2, Chakhanj, Suleiman.
Suwaiti, Jalal al-Din (d. 911 AH/1505 AD), 2008, Khalifakani Islam Rashidun, Umayyad, Abbasi, and. Nasr al-Din Abd al-Rahman, vol. 2, Chap Khanj, Soleimani.
Their food The secret of the story of the past in Arabic
Al-Bawa'na, Louay, 2007, The Role of Muslim Scholars in Resisting the Frankish (Crusader) Invasion..., Dar Al-Yazouri, Jordan.
Al-Bouzbeki, Tawfiq Sultan, 1988, Studies in Arab-Islamic Systems, 3rd edition, University of Mosul.
Al-Talisi, Bashir Ramadan and Jamal Hashem Al-Dhuwaib, 2004, History of Arab-Islamic Civilization, 2nd edition, Dar Al-Amdar Al-Islamiyyah.
Jassim, Abbas Ajel, 2010, Muslim historians' view of the Crusades, 1st edition, Al-Basir Library House, Beirut.
Hassan, Qadir Muhammad, Without Sunnah, The Contributions of the Kurds to Islamic History, 1st edition, Haj Hashem Press, Erbil.
Al-Hussein, Qusay, 2005, Encyclopedia of Arabic Hadith of the Fatimid and Ayyubid Period, 1st edition, Dar Al-Bahar, Beirut.
Al-Raji, Zakia Abdel Salam, 2008, Political and Cultural Relations between the Byzantine and Fatimid States..., 1st edition, Qar Yunus University, Benghazi.
Shalabi, Ahmed, 1984, Encyclopedia of Islamic History and Civilization, Part 5, without a printing press, Cairo.
Sallabi, Ali Muhammad, 2009, The Fatimid State, Hassan Al-Asriyya Library, Beirut.
Al-Afifi, Abdul-Hakimi, 2000, Encyclopedia (1000) of the Islamic City, 1st edition, Oriental Papers.
Imran, Mahmoud Saeed, 1999, History of the Crusader Arabs, 1095-1291 AD, 2nd edition, Dar Al-Nahda Al-Arabiya, Beirut.
Al-Qasi, Atiya, 1976, Egypt's Trade in the Red Sea from the Dawn of Islam until the Fall of the Abbasid Caliphate, Dar Al-Nahda Al-Arabiya, Cairo.
Muhammad, Ako Burhan, 2012, Cultural Life in Diyarbakir in the Abbasid Era, Haj Hashem Press, Erbil.
Al-Naqqash, Zaki, 1958, Social, cultural, and economic relations between the Arabs and the Franks during the Crusades, Dar Al-Kitab Al-Bannani.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

Al-Hashemi, Abdel Moneim, 2006, Encyclopedia of Arab History, the Umayyad Abbasid-Fatimi era, 1st edition, Al-Hilal House and Library, Lebanon.

پێنەم| The secret of the language that was in the Kurdish time

Begin, Jeffrey, 2009, What is the meaning of Europe and what is the world, and. Nihad Jalal Habibullah, vol. 1, in Arabic.

Taqoush, Muhammad Suhail, 2009, Your Message to Islam, and. Nihad Jalal Habibullah, 1st edition of Khashnabir, Lebanon.

Tawfiq, Mohamed Hussein, Mohamed Amin, Abdul Amir, 2013, Sharestanity of Europe to Sedakani Navoast, and. Mustafa Saeed Ali, vol. 1, Chavarcha, Soleimani.

Tenby, Iran, 2010, How to improve your income, and. Dr. Shad Mustafa Wassani, 1st, Chapkhana, Howler.

Hossein, Mohsin Mohamed, 2012, Japan in the Hereafter and Shawak of Sahih Hadini Ayoubi, and. Abdul Razzaq Bimar and Aouf Abdo Ahman, vol. 2, Chap Khaneh Aras, Hawler.

Khalil, Imadin, 2018, Your story with Islamic shastaniyyah, Ahmad Hossein, vol. 1, Navandi Khanuyin.

Ranjiar, Ahmad Hama Amin, 2011, Salahuddin Ayyubi among Kurdish historians (Sharafkhan and others), Narin Printing House.

Shaker, Mahmoud, 2011, Summary of the History of Civilizations, p. Musa Muhammad Abdul Rahman, B 1-2, Ch1, Ganj Press.

Siddiq, Zrar, 2010, Kurds and Kurdistan in the Abbasid Caliphate, Vol. 1, Rojhelat Printing House, Erbil.

Lewis, Bernard, 2014, The Middle East Two Thousand Years of History ...,ed. Abdullah Rasuli, Ch1, Chawarchra, Sulaimani.

Mohammed, Abbas Omar, 2010, History of the Ayyubid Kurds, Vol. 1, Chawar Chira Printing House, Sulaimani.

Yousef, Abdulqadir Ahmad, 2012, History of the Middle Ages in Europe (476-1500), p. Shanaz Ramzi, Vol. 1, Renma Printing House, Sulaimani.

Sixth| Master's degree

Hassan, Chira Mahmoud, 2007, Scientific Movement of Dinawar (Unpublished Master's Thesis), Sulaimani University.

Ismail, Salah Kanabi, 2003, Egyptian Trade during the Reign of Saladin (Unpublished Master's Thesis), Sulaimani University.

Seventh| magazine

Mohannad Mubayzin, 2010, The Conflict between East and West from the Perspective of Brodoyle, p. Hawar Mohammed, History Magazine, No. 15, Magazine Printing House, Erbil.